لەگەڵ ئەوەشدا (ئەم شێوەیە •• بەند) بەلگەیەکی قایمە کە کورد لە فولکوردا کەلەپورێکی هەیە لە مەیدانی مۆسیقاو ئۆرانی ، ئۆرانی‌و بەندو چیروك بیژەکان لەکاتی ووتنیان بەشیوەی بەند رووداوەکانیان لەگەڵ ماناکەی باس ئەکرد بەقسە ، بەدەنگی نەرمو زل ، ناسك‌و گەرم بون‌و ساردبوونەوە •

وا لە کوێ‌گر ئەکات کە ئەتوانێ مەناسەش بە دەنگ وەربگرێ ، دانیشتوانی کۆیرەکە زور لەگەڵ بەندبیژەکە ئەگونجێن چونکە خویندنەوەی ئەم چیرۆکانە بە ئاواز (بەند) وات لێ ئەکات کە گوێت سوك‌کەیت ، تا بتوانی هەمووی ببیستی ، وە زەوقی تایبەتی لێ وەربگریت •

زور کۆرانی بیژ هەن کە چیرۆکێك ئەکەن بەچەند زنجیرەیەك وە بە هەفتەیەك یا کەسەی کە لە یەکەم زنجیرە ئەمەبیستن ئیتربۆی ناکرێ‌واز بهێنن لەو ئەبێت •

١ ـ بەند
ب ـ بالۆرە :
(لاواندەوە)

شێوەیەکی‌ترە لە فولکلوری کوردی ، بەو کۆرانیانە ئەووترێ کە لەسەر مەردوو ئەیخوێنەوە ، وە باسی ئەو کەسە ئەکات کە کوچی دووای کردووەو ، ڕەووشتی چۆن بووەو ، چۆن ڕەفتاری بووە ، لە نیو هەموو کورد هەیە ، بەلام هەر شوینێك جۆرە بالورەیەکی تایبەتی هەیە ،کە ئاوازی جیاوازە لەگەڵ بالورەیەکی‌تر لە شوینێکی‌تر • بێ‌گومان کۆرانی بیژی ئەم جۆرە (بالورە) ئافرەتە وەکو (سەلەی ماوزەر لە سولەیمانی کۆن) وە ئەم ئافرەتەش خەلك ئەیناسێت ، وە کە کانێ مردوویەك ئەمرێ بە تایبەتی ئەگەر ئەو مردووە گەورە بێت یا مردووە کە ئەنج بێت ، یا پیاوێکی ناودارو بەناوبانگ بێت •

ئەو ئافرەتە (لاووك بیژە) دێت بۆ مالی مردووەکە وە بە تەواوی ڕەووشتو خوو چۆری کابرای مردوو وەرئەگرێ ، وە دەست ئەکات بە بالۆرە ووتن بە سەریدا ، بێ‌گومان پێشتر لەگەڵی ڕێك ئەکەون بە پارە بە پێی ماڵەکەو ڕۆژەکانی پرسە •

« لاووك بیژ » کاتێ کە بالورە بەسەر مردووە کەدا ئەلێت خەلك کە لە دەوروبەری

بروانە ل ٨

دەنگێ

لە نێوانی شیعرو میعردا

محمود زامدار

● ژانو بەرەژانی نووسین لەهەو ژانو ژورێ قووڵترو بەسوێترو بە ئەرکترە ••ئێنگاوتینێك بوونی : دڵو سەرو ناخی ، شاعیرێ ،نوسەرێ ، هونەرمەندێ ، خۆنواندنێکی بیرۆزو ساتێکی‌ناسك‌و داڕژانێکی ڕازراڤو مەزنە ••• تا ووشەیەك لەدایك‌ئەبێ‌و ئەزوقێ ، هەزاران ئاسمان‌و ڕێسمان لەیەك‌دەئاڵێن‌و خارخار ئەبن‌و دەترازێنەوە ••• ! شەپۆلی هاڕژنی تافی‌سەرهەندانی ووشە ، ملیۆن جار لەوزەوڵەژاروژدن‌و دەردەنگی بۆمباکەی هیرۆشیما ، سیامناکتروسەراسیمەترە ••! درەوشانی : بیرێك ، سەرنجێك ، وێنەیەك ، ئەڵن ئەڵن لەدرەوشانی خۆری بەربەیان لەوەندترە ••!سوتان‌و هەڵقرچان‌و ئاوزینگ‌دان‌و زیندوبونەوەیە •• تاووشەین، هەڵئەچێ‌و دانەپۆی‌و تەشەنە ئەکا ـ لای بەهرەمەند ـ هەزاران بار بەرکەم دایئەگرێ‌و شادەمارەکانی دەمو ئونچکەوقامك‌و دڵی کەف ئەچرێنێ‌و کچێنەی چاوی سۆمایی‌بێ‌دادێت‌و لێوی هەڵئەپرۆکێ‌و ناخی دانەپێژرێ‌و بەربرژانکی‌دەیەها سیچکەسلاوە دەرئەدا •• خەم ڕوبەروی شادمانی ،شادمانی بەرەوپوی نازارو ئەڤین ئەبێتەوە ، بزەفرمێسك‌تێکەڵ‌کانی‌ی پێکەنین‌و پێکەنین ئەبێ بەجۆ ئایەك‌و بەئەلهاووبەئافەتاف‌و سەرەسەتیەوە ، زەریاکانی ژانی مرۆڤ لەیەك‌ئەبەستێ‌و ئەیبەستێ !!! •

● شیعر •• سەراساترین‌هونەری مرۆڤە •• حەبەسان‌و دڵەزێ‌و لەخەم ڕەخسان‌ودڵسپاردنە بەژیان‌و بە خۆشەویستی‌و بەندەبەجولانەوەی مێزوی بڕ لە سەرفرازی‌و لەژەمینەی‌ئۆشتی (هۆش)ی مرۆڤ •• مرۆڤی سەوداسەرو بەرشەپۆلی‌کەرمەنای ووشە •• بەندە بەخاك‌و بە ڕوناکی‌و جوانی‌وبەسەرباکی ئەو هەتامە زلانەی کە لەژیانا ڕوئەدەن ••هەوڵدانێکی بەردەوامە ، بۆ ئاوەژو کردنی خولیاوخەونەکانی ئێو کێژینەی « کاتەکانی » ناخی مرۆڤ‌وکێژینەی چاخی مرۆڤ ، لە ڕێگەی چەخماخەدانی‌دەسقاوژێ (بەهرە ـ زمان‌ـ خەوبینین ـ باگراوند ـدورەندیشەیی‌ـژان)ی کارامەو ڕاستەقینەو مەردانەوە •• هەربۆیەشە ، شیعر لەئێو جەنگەی ئازارەکانا ، چاومەلەو شانمەلەی کردوەو ئالا هەڵگری بیروهەستو نەستو ئۆرانی‌و ئاواتەکان‌بوە ••!

● ••• دەهەر بۆیەشە ،ئەو کەسەی بەئامەزرۆیەوە ، دەرکی بەجوانی‌و ڕەندی‌وبەنگیینی ئەم زمانە جوان‌و بەرئوشادەو ئەم چاخە پڕلەسەزسەرو دەردەکورتانە گردبێ •• بیرای بیرای •سەروشان‌و بەهرەو خەمو خرپەی ئەمو ئەو ئالرفێنێ ••!ئەخوازەللا ، خۆ دنیایەکی لێونده ، لەکەلەپورو کەرەستەی‌خاوی داهێنان ، لەبەردەستو دڵان‌دایەو چ پێویستیەك ، بەمرنگاین ئەودەو بەم چاپوچویە ناکات ، ڕێگای حازرە خۆروحازرە شیعرو هەڵدڕاندنی شیعرو قنجاندنی‌بەردەی کچێنی شیعر ••• بێگومان ئەوانەی ئەم (دزی‌وباشمدزی) یەساز ئەدەن ، هەر دوای چەند هەوڵو ئەزمون‌وبواری ، باوتشك ئەدەن‌و خەمیان دانەکەوێ‌و کەلەلانەبن‌وئەکەونە (ڕاوکردن)و چەپەندازەیی •• هەمو هەوڵیان‌لە (ناو)و لە (ناتورە)ی ئێوسوچی گۆفارو ڕۆژنامەیی‌گیر ئەبێت‌و لەپاشا لەئێو پێخەفی ساردوسڕی (تامن من‌بووم ••!)ی بن بەردا ، قنەوتلۆر ئەبن‌و ئەخشێنەنێو خەونێکی بڕ لە جرنی‌و فرنی‌یەوە ••!

● ••• ئا بەداخەوە ،ئەمڕۆ وای‌لێهاتوە ، مرۆڤ لە شیعر مونچو هەراسان بێت ،بەتایبەتی ئەو (میعرانە)ی بوە بەئاخونەکی چاوی وشەی‌شەیداو لەسەر (شیعر)یش حسیب ئەکرێ ••! فەرمو ،ئاوناتاوێ ، سەیری گۆفارێ ، ڕۆژنامەیێ ، یادەفتەرەشیعرێکی دەسنووس • یا دەفتەرەچکۆلانەکەی بەرباخەڵان‌بکە •• ئینجا ئەزانی دنیای گۆیەی ، ئەوەی هەزروهەوەسی شیعر لەکەللەی داوەو کەللەپی‌بوەو خۆی‌وا هەڵئەشرینێتێ ، کەکوایە بەخێر •••! ـ ئەمیش‌بوە •• بە•• ب ب ب •• بە (شاعیر••!) چەندێ سەیرە •••؟ ـ کاوێژکردن ـ کاربۆنیزم ـ چنەچن کردن ـ بوە بە ڕواڵەتی هەرەناشکرای ئەم چەشنە •• (شیعرە •• !!) جاهەر لە(وێنەشیعر)ەوە بیگرە ، تا (کەش‌وهەوا)و جۆری(هەڵجوون‌و دارشتن)و ڕاوورێسی (ووشەوزاراوە)••والەیەك ئەچن‌و والە یەك ترنجاون ، وەکو بلێی :جمکانەو زادەی یەك بزدان بن •• !

ئەمڕۆ قەسیدەین (لەشاعیرێ) ئەبیستی یا ئەخوێنیتەوە ، حەفتەیەك‌ودووی بێ ناچێ ، بەگرو بفێك، بەیکەری ڕوت‌و ڕەجاڵ‌وساموئەکەی لەپرو بێ‌ڕەنگی، هەر قەسیدەیە ، لەلای (شا ـ عیر ـ یکی) ترو دوای هەندێ (متوربە) کاری‌و(دابێژ) کاری‌و (لەحیم) کاری‌و (تیف‌تیفە) کاری‌و(ووشە) کاری‌و (دەس) کاری‌و (کاری)یەکانی‌تر ،ئەبیستی یا ئەخوێنیتەوە •••!

● بەڵام •• ئەوشتەی‌بەردەوام ، ئەوەی ئەمردن‌و پەیامی بەشداربوونی بێ‌وچانی خۆی ئەباتەوە ، ئەو بەرهەمو داهێنەرەیە ، کەبەرهەمەکانی ، دوای هەزاران بەرەژان‌و ئەزمون‌و سەروسۆراخی بێ‌بچران ، هەڵئەقوڵێت •• ئەوانی تریش(فت •• !)و ئەکەونە پاشەڵەقەو ئەبن بەکەفەژیلەوبەبلقی سەرئاو •••!

ئەم یەك دوو چریەی پڕلەمیهری منیش : هەر چەندە هەڵکوتانەسەر (جولانەوەی بۆپاشەوەچووی میعری کوردی)یە •• لەهەمان کاتا ، بەرگری‌یەلە (داهێنان)و پاسەوانی‌یە لە (بزوتنەوەی بۆ پێشەوەچووی شیعری کوردی) •••!!

Institut Kurde de Paris

میوانداری کۆشکی کۆماری

وە بروسـکەیەکی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق لقی کۆمـاری میسـری عەرەبی

سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکـرو بەرێز صـدام حسین لەیەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیـراق لقی کۆماری میسری عـەرەبیەوە بەبۆنەی کۆبونـەوەی ئەنجومەنی بەرێوەبەری یەکێتیبەوە بروسکەیەکیـان پێگەیشتوە ، لەبروسکەکەدا بەڵێنیان بۆ سەرکردایەتی سیاسی حیزبو شۆرش تازەکردۆتەوە کە پەردە لەروی هەمو پیلانو هەلوستێکی خیانەتکاری دامان کـە مەبەستی زیانلێدانی بزوتنـەوەی شۆرشـگێری هاوچەرخی عەرەبە .

ئەمەش تـەواوی بروسکەکەیە ..

باوکی فەرمانده وبەرێز تێکۆشەر احمد حسن البکر سەروک کۆماری عیراق هاورێی تێکۆشـەر بـەرێز صدام حسین .

ئێمە ئەندامانی ئەنجومەنی لیـداریی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق لقی کۆماری میسر عـەرەبی لەدووەم خولی کۆبونـەوەکەماندا بەناوی جەمـاوەری قوتابیانیەوە بەرزترین وجوانترین رێزو سـلاوتان پێشکەش دەکەین .. بۆ ئەو هەلویستە پر تێکۆشـانو خەباتکارەتان کە لە سەرانسەری مەیدانی تێکۆشـانی عەرەبدا ئەیخوێنین .. لەکـەل ئەو هەمو چاودێریو یارمەتیی باوکانەیەی بیشکەش جەماوەری قوتابیانمانی ئەکەن .. ئەو کارەساتانەی ئەمرۆ لە مەیدانی عەرەبـدا بـەدی ئەکـرێت وامانلێ ئەکات کـە هەمو یەکێرز راوستین بۆ پەردە لەسرولادانی هەمو شێوەیەکی پیـلان گێرانو هەلویستێکی خیانت کاری کە بۆ زەبرلیـدانی بزوتنەوەی شۆرشگێریی هاوچەرخی عەرەب ئەکرێت .

ئەوەی شۆرش ١٧ی تەموز بەسەرکردایەتی کاەنی ئێوە پێشکەشی کردوەو پێشکەشی ئەکات ، لـە هەلوەستی ئیجابی بنیـاتنەرداو ئەو هەمو یارمەتییە بەردەوامەی پێشکەشی بزوتنەوەی عەرەبی ئەکەن .. عیراقی تێکۆشەری کردۆتە قەلایەکی سەختی تێکۆشانی ئەتەوەیی رزگاریخواز ... بەنـاوی جەماوەری قوتابیانەوە بەیمانتان ئەدەین بەیمانێکی پیاوانـەی بەوەفا کە هەمیشە پشتیوانێکی شۆرشو سەرکردایەتیە سیاسیەکەی بین ، وە هەرگیز درێغی نەکەین لـە تێکوشانو ئیان بەختکردن لەپێناوی جێبەجێ کردنی ئەخشەو پرۆگرامەکانی شۆرشداو لەهەمو لایەکدا .

هەروەها وەک باوکو سەرکردەیەک لەرنیـازی شۆرشە سەربلندەکەماندا . هەرەی شـۆرش ١٧ی تەموزی مەزن .

ئەنجومەنی ئیداری
یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی
عیراق لقی کۆماری
میسری عەرەب

سەرۆك بروسکەیەکی لـە سـەرۆکی جەزائیرەوە پێ گەیشت

سەرۆکی بەرێز احمد حسن البکر سوپاسنامەیەکی لە هواری بۆمدین سەرۆکی ئەنجومەنی شـۆرشو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێگـەیشتوە ، کـە وەڵامی پیرۆزبایی یەکەی سەرۆکە بـە بۆنەی بیرەوەری بیستو دووهـەمی شۆرشی یەکـی تشـرینی دووەمی پیرۆزەوەو ئەمەش دەقی بروسکەکەیە .

برای پایە بلند سەرۆك احمـد حسن البکـری بەرێز سەرۆکی کۆماری عیراق .

بەرێزو شانازیەوە پیرۆزبایی یەبرایانەکەتانمـان پێ ئەیشت کە بەبۆنەی بیرەوەری بیستو دووهـەمی شۆرشی یەکی تشرینی پیرۆزەوە بوتانناردبوین .

ئێمـە لـەو کاتەی سوپاستان ئەکەینو هەسـتی خۆمان دەر ئەبرین لە خوای مەزن ، داوانەکـەین هەمووەمان بۆ خزمەتی مەسلـەی ئەتـەوەکەمان موەفق بکات بەرەو رزگاریو پێشکەوتن ، هیوای بەختیاریو تەندروستی چاکیتان ئەخوازینو خۆشیو بەختیـاری زیاتریش بۆ گەلی عیراقی برامان .

برانان
هواری بۆمدین
سـەرۆکی ئەنجومەنی
شۆرشو سـەرۆکی
ئەنجومەنی وەزیران

وە بروسکەیەکی لـەسـەرۆکی دەزگـای ئامۆژگا هونەریەکانی پێ گەیشتوە

بەغدا ـ ٢٣ی تشرینی دووەم ئا.د.ع : سەرۆکی بەرێز احمد حسن البکر و بەرێز صـدام حسین ، بروسکەیەکیان لە دکتور هاشم محمـد سعید ـ سەرۆکی دەزگای فێرکردنی هونەریەکان ، بەبۆنەی دانانی قانونی خزمەتی زانایان پێ گەیشتوە ، ئەمەش دەقی بروسکەکەیە : بەرێز سەرکۆماری خەباتگێر احمد حسن البکـر .

بەرێز صدام حسین

چاودێری پر لـە میهری حیزبو شۆرش ، بۆ دەزگاکانی فێرکردنی باڵاو لیکۆلینـەوەی زانستی ، بایەختیکی مەزنی هەیە ، بۆ بەتاوخستنو هەلخستنی پەیامە پەروەردەیی و زانستیەکەی ، تا بەتەواوی نـەو ئامانجانەی کە لە راپۆرتی سیاسی کۆنگرەی هەشتەمی هەرێمایەتی حیزبدا هاتوە بتوانێ .. ئیرەوە ئـەم ئاورەپر لوتفەی سەرکردایەتی حیزبو شۆرش ، لـە دەرکردنی قانونی خزمەتی زانکۆیی دەردەکەوێت ..

بەتاوی سەرجەمی ئەندامانی دەسـتە بەندەی خوێندنو پەروەردەیی لە دەزگـای فێرکە هونەریەکان ، بەڵێنمان پێ ئەدەین کە دەها بتر تەقـەلا بدەین بۆ بەرزکردنەوەی رادەی پەرهەم هێنان ، لـە دەزگا فێرکە کانماندا ، بـە شێوەیەی کە خواستەکانی شۆرشو ئامادەکردنی کادیری پسپۆریوا ، کـە ئەرکی بەجێ گەیاندنی ئەخشە پر لە نیازەکانی ئەشـونما ، رەئێوبهێنێ .

هەربۆیە وەکو سـەرکردەیێ بۆ دائرەوی میللەتی عەرەبمان لەبڕیاری یەکێتیو سەربەسـتیو سۆشیالیزما .

دوکتور هاشم محمد سعید
سەرۆکی دەزگای فێرکە
هونەریەکان

وەزیری خـوێندنی باڵاسـی یەمین کونگرەی یەکێتی زانکو عـەرەبیـەکانی کردەوە

رۆژی یەکشەممە بەرێز غانم عبدالجلیل وەزیری فێرکـردنی باڵاو لیکولینەوەی زانیـاری سێیەم کونگرەی یەکیتی زانکو عەرەبیەکانی لە هوتل ئەل لـەژیر دروشمی (خوێندنی باڵا لەخزمەتی ئەشەپێدانی نەتەوەییدا) کردەوە .

وەزیری بەرێز لـە وتاری کردنەوەی کونگرەکەدا ووتی : ئێمە لـەوە دڵنیاین کـە کۆبوونەوەی ئـەم خـاوەن بیرروناکانە لەم پلە نەتەوەییە یەکیتی خوازەدا ئەنجامی چاکی بۆ سەردامەزراوە خوێندنیـە باڵاکانمان ئەبێو سەربـەرزی زانستی رابوردووی بـۆ ئەوەکە ، وتاریکی خوێندەوە بەبۆنـەی سەربەرشتی ئـەم کونگرە زانستیەیەو زامن کردنی پێویستیەکانی سـەرکەوتنی یەوە .

بەرێز عبدالجلیل دەستی بۆ ئەوەکێشا کە سەرکردایـەتی سیاسی لە وڵاتی عیراقداو لـە سەرۆیەوە سەروکی تێکوشـەر (احمد حسن البکر) بایەختیکی ئەورەی بـە خوێندنی باڵاو لیکولینەوەی زانسـتی داوەو لایەنەکانی بە ئامانجە ئەتەوەییەکانی جـەرب کردنی بەعسـی سۆشیالیستی عـەرەبەوە بەستۆتەوە ، جا لەبەر رووناکی ئەو ئامانجـانەدا ، وەزارەتی فیرکـردنی باڵاو لیکولینەوەی زانیاری بەرنامەی کاروباری بۆ راپـەراندنی پاشـە رۆژی خوێندنی باڵا لـە سایـەی شـۆرشی ١٧ی تـەموزدا ئەخشاندوە .

هەروەها وتی : وەزارەت ، بـە پێی ئاراسـتەکردن و ئاموژگاری شورش بایـەخی تایبەتی بـە دیاری کـردنی ئامانجەکانی زانکو عیراقیەکانو ئەرکەکانی پاشە رۆژی داوەو دەرچونی قوتابیانەوە کوڕیونی لە تەنیا مەلبەندی تەقلیـدی بە مەلبـەندی دروست کردنی نـەوەی نوێو مەلبـەندی لیکولینەوەی زانستیو ئەخشەی پاشە رۆژو بەشداری پێشرەوانە لە کۆرانە شۆرشگێریانەدا کە لەوڵاتدا هەیەو بۆ جێبـەجێ کـردنی ئەمەش بەرنامـەی خوێندنی نوێی وای داناوە کە زامنی کەوتنی بەم ئامانجانـە ئەکات .

وەزیری بـەرێز لـەوەی سەلماند کـە باسـای خزمەتی زانکـۆ ، کە لەم دواییـەدا ئەنجـومەنی سەرکردایـەتی شـۆرش دەری کـردوە ، ئەندامیەتی خزمەتی زانکـۆی گەیاندۆتە پلەیـەکی شـایان بەخۆی ، وەك دروست کـەرو پێ ئەیەنەری ئەوەیەك کە هـەلی خوێندن کردنی تەواوی بـۆ ئەرکە زانستیو پەروەردەییـەکانیو خۆ خەریك کردن بـە لیکولینەوەی زانستی بـەو رەخسانەوە ، بەو جۆرەی کـە لەهەمە جۆر لایەنەوە خزمـەتی ئەخشـەی ئەشەسـەندنی ئەتەوەیی ئەکات . ئەویش لـە رێگـای ئـەو دەزگـا راویژکاریانەویە کە لە کولیجو بەشەکان ئەینەوە .

دوای ئەوە ، دوکتور طـە ابراهیم العبدالله سـەرۆکی زانکوی بەغـداو سـەروکی بەرلیو مەبەستی ئەوەیە کـە ئەوارەیـەکی رەئەزپەرستی تر لەناو خاکی عەرەبدا بخولقێنێو ئـەو بزوتنەوە شۆرشگێریە عەرەبیـەی ئەخشەکـانی خۆبەدەستەوەدان رەفز دەکـەن لەتاوی بەرنو کوتری کەئەوە .

هەروەها بەیاننامەکە ئەڵێت .. پێرەوەری پانزەهەم ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی لەژیـر سایەی شۆرشی ١٧ی تەمموزی مەزنو دەستکەوتە میژوویـیە گەورەکانیدا ئەگرێتەوە ، کـە هەموی بۆ چاکەی گەلو نەتەوەی عەرەبمانە لەگـەل خۆراگرتنی باڵەوانانەی لەرووی ئەو پیلانە گلاوانەدا کە ئیمپریالیزم دژی مەسـەلە چارەنوسـیکانی ئەتەوەکـەمان سازی ئەکات .

بەیاننامەکە بانگی جەماوەری

بروانـە ل ٨

راپورت

راپـەرینەکـەی تـشـرینی ١٩٥٢ تیشکێکی گەشە لەمێژووی خەباتی گەلماندا

دوێنێ ٢٣ تشـرینی دووەم ئەلمانو هەموو هێزە نیشتمانیو نەتەوەییە پێشکەوتخوازەـ کانی یادی بیستو جوارەمیی راپەرینەکەی تشرینی ١٩٥٢ی کردەوەو نیشانیاندا کە سوورن لە سەر ئیداەدانی تێکۆشانلـە پێنـاوی چەسپاندنوقووڵکردنەوەی دەسکەوتەکانی شۆرشی هاوچاخیان شۆرشـی١٧ـ٣٠ تەمووزی رزگاریخوازوبەرفراوانکردنی ئارد بوونەوەی جەماوەر لـە دەوری سـەرکردایـەتیی سـیاسیمان وبەرەپێدانیناوەرۆکی موماریەی دیموکراتیانەی بەرەی نیشتمانیو نەتـەوەیی پێشکەوتخوازی ئەلمان ، تا ئەواوی خواستو ئامانجەکانی حیزبو شورش لەگەیاندنی عێراقی مەزنمان بـەدوارۆژی گـەشـەدارو پێشـکەوتووی ، بـەدی بهێنرێن .

لەم رۆژەدا سلاوێکیسەختی ماندرتنو خۆنیشاندان بەغدای بایەختو هەموو شـارەکانی عێراقی گرتەوە کە لە دواییـدا بوە راپەرینێکی توندو تیژ لـە زەوی حوکمـی بەکرێگیراوی ئیرهابی ئەوەو سادار سیاسەتی مـەر بەرەماوەی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمی عنصـایە لەرزین ، چونکە سەماوەری کەل بەهەمو حیزبو هێزە پێشکەوتخوازەـ کانی یەوەیـەك ریز هاتـە بەرمەیدانو نارەزایی خـۆیان دەربارەی رنبازی حوکمـی باشایەتی کوڕکراوو ئیدامـە پیدانی سیاسەتی گوشـتنو برینو نازاردانی نازادیخوازانو زەوت کردنی سەربەستیـیـە دیموکراتیی یەکانو نوکتـەریو چلکاو خۆری بیگانە دەربڕی .

لە ساڵانی یەکەمی یەنجاکاندا **بزووتنـەوەی نیشـتمانیو شورشگێری خراپ شکایەوەو لـە هەموو ولاتدا کپو خاموش بوو ، لە کاتێکدا هەر لـەو ماوەیـەدا بزووتنەوەیـەکی شورشگێرانەی لە بابەتیکی تر نەشونمای دەکرد کـە بریتی بوو لـە حیـزبی (بعث)ی عەرەبی سوشیالیستیو داگیرـ کردنی شوێنی ئەبیەی خـۆی لە ناو جەماوەری گەلدا .**

ئەو وەختە حیزبە سیاسیـ یەکان کۆشیان ئاراسـتەی (بەرلەمان) دەکردو دەیانویست بیکەنێو باسی کۆرپینی یاسای هـەلبژاردنو وازهێنـانی حکومەت لە دەستیوەردانی ، لە داخوازیی یەسەرەکیـیـەکانی بزووتنەوەی نیشتمانی بوو . وەختیـك حکـوومەت لـە ١٩٥٢ـ١٠ـ٢٧ دا بەرلـەمانی هەلوەشـاندەوە ، بۆ رۆژی دوایی حیزبە سیاسیی یەکان چەند یاداشتیکیان دەربارەی کوڕینی یاسای هەلبژاردن پێشـکەش کرد کە ئەنجامیان پشـت گوێ خستنو رەفزکردن بوو . ئینجا داخوازی یەکان تەشەنەی سەند بۆ چاکردنی باری گشـتو کاڵو کەم کردنەوەی دەسـەلاتی مەلیکو باککردنەوەی دەزگاکانی دەولەتو چەکدکردنی عەشایەرو هەلوەشاندنەوەی بەیمانی ١٩٣٠ لەگەل بەریتانیا . چەوساندنەـ وەی جەماهیری گـەل لـە لایەن کاربەدەسـتە بەکرێگیراوەکانەوە ، بـەری کەشونماکردنی بۆ ئەو ریبازە شورشگێرە نوێیە فـراوان دەکرد . چونکە جەماوەری گەل قەناعەتی بەوە هێنا بوو کـە ئامانجـەکانی بەخـەباتیکی شۆرشگێرانەی سەخت نـەبن بەدی نایەن .

تەعەداکردن لـە قوتابیانی کۆلیجی (صمدلە) لە لایـەن پۆلیسەوە ، فتیلـەیەك بوو ئاگری راپەرینەکەی داگیرساند قوتابییـەکان مانیانگـرتو مانگرتنەکە تەشەنەی سەندبو کۆلیجەکانی تر .

لێرەدا دەوری سەرەکی لـە سەرکردایەتی کردنی راپەرینەکە و ئامادەکردنی جەماوەر بـۆ مانگرتنو خۆنیشاندان کـە هەموو ولاتی گرتەوە ، دەوری حیـزبی (بعث)ی عـەرەبی بوو .

یەکەم پەیاننامەی سیاسی کە رێکای بۆ راپەرینەکە خۆش کرد لە حیزبی (بعث)ی عەرەبی سوشیالیستیی یەوە دەرچوو کـە ئارەزایی دەربڕی بەرامبـەر تەعەداکردن لـە قوتابیـانی کۆلیجی (صیدلە)و قوتابیانو جەماوەری گـەلی هـاندا بو ئارەزایی دەربڕینو خەباتکردن شـان بەشـانی قوتابیـان بەرنگـای رزگـاربوونو سەرکەوتندا .

حیزب لە راپەرینەکەدا وەك هاتە بەرمەیدان کە (هـویە)ی خـۆی بنوێنێو بە جەماوەری گەلی رایگەیەنێ کە تاکـە حیزبێکە توانیبێتی خـەباتی نەتـەوەیی رزگاریخوازی جەماوەر ببەستێتەوە بـە خەباتیی یەوە لە رووی چینایەتیو کۆمەلایەتیی یەوە .

مانگرتنـەکە بـوە خۆنیشاندانێکی توندو تیژو لە ١٩ـ١١ـ١٩٥٢دا بـە نسەقامەکانی بەغدادا دەگەیا ، تا وای لێهات هێزەکانی رژێمـی نۆکەر نەیتوانی رێگە بـە هێرشی جەماوەری راچـەنیو بگرێ بۆ سەر بارەگای نووری سەعیدو مەکتەبی (استعلامات)ی ئەمەریکاو ئەنجوومەنی ئاوەدان ـ کردنەوە (مجلس الاعمار) .

خۆنیشاندان هەموو شارەـ کانی تری عێراقی گرتەوە وەك نەجەفو دیوانیەو سلەیمانیو جلـەولە دەست حکوومـەت بەربوو ، و نـەیتوانی دەس بەسەر وەزعدا بگرێ ، تـا (عبدالاله) ناچار بوو بەنـا بەرێتە بەر سوپا بۆ ئـەوەی هەولدا سـوپا بـۆ لیدانی بزووتنەوەی نیشتمانی بخاتە کار .

دوای ئەوەی حکوومەتێکی تازە بەسەرۆکایەتی سەر ئەرکـانی سوپا پێك هێنرا ، یەکسـەر (احکـامی عـورفی) دانراو حیزبو ورۆژنامەکان لـە کارخـران و قوتابخانەکان داخران . بەلام ئەم شتانـە جەماوەری گەلی لە چـالاکی نەخست . حکوومەت سەرەرای ژیرکەوتنی راپەرینـەکە و محاکەمە کردنی هەزارەها لـە هاوولاتیانو بـەند کردنیانو دەربەدەر کردنی رۆربـەیانو سەرکەوتندا .

حیزب لە رابەرینەکەدا وەك هاتە بەرمەیدان کە (هـویە)ی خـۆی بنوێنێو بە جەماوەری گەلی رایگەیەنێ کە تاکـە حیزبێکە توانیبێتی خـەباتی نەتـەوەیی رزگاریخوازی جەماوەر ببەستێتەوە بـە خەباتیی یەوە لە رووی چینایەتیو کۆمەلایەتیی یەوە .

مانگرتنـەکە بـوە خۆنیشاندانێکی توندو تیژو لە ١٩ـ١١ـ١٩٥٢دا بـە نسەقامەکانی بەغدادا دەگەیا ، تا وای لێهات هێزەکانی رژێمـی نۆکەر نەیتوانی رێگە بـە هێرشی جەماوەری راچـەنیو بگرێ بۆ سەر بارەگای نووری سەعیدو مەکتەبی (استعلامات)ی ئەمەریکاو ئەنجوومەنی ئاوەدان ـ کردنەوە (مجلس الاعمار) .

خۆنیشاندان هەموو شارەـ کانی تری عێراقی گرتەوە وەك نەجەفو دیوانیەو سلەیمانیو جلـەولە دەست حکوومـەت بەربوو ، و نـەیتوانی دەس بەسەر وەزعدا بگرێ ، تـا (عبدالاله) ناچار بوو بەنـا بەرێتە بەر سوپا بۆ ئـەوەی هەولدا سـوپا بـۆ لیدانی بزووتنەوەی نیشتمانی بخاتە کار .

دوای ئەوەی حکوومەتێکی تازە بەسەرۆکایەتی سەر ئەرکـانی سوپا پێك هێنرا ، یەکسـەر (احکـامی عـورفی) دانراو حیزبو ورۆژنامەکان لـە کارخـران و قوتابخانەکان داخران . بەلام ئەم شتانـە جەماوەری گەلی لە چـالاکی نەخست . حکوومەت سەرەرای ژیرکەوتنی راپەرینـەکە و محاکەمە کردنی هەزارەها لـە هاوولاتیانو بـەند کردنیانو دەربەدەر کردنی رۆربـەیانو

بروانـە ل ٧

بە بۆنەی بیرەوەری پانزەهەمی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانەوە

قوتابیانمان ئەوە ئەسەلمێنن کە لەریزی ئەوخەباتە عادیلانەیەن کە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم وکۆنەپەرستان ئەکرێت

قوتابیانی ولات سەرلـەنوێ ئەو بەڵێنەیان تازەکردۆتەوە کەهەمیشـەو بەردەوام پشـتی جەماوەری بەرنادەن لەو خەباتەعادیلانـەیەدا کـە دژی ئیمپریالیـزمو زایۆنیـزمو کۆنەپەرستان ئەیکات .

قوتابیان بەڵێنیان بـە سەرکردایەتی سیاسی حیزبو شۆرش داوە کە شورەیـەکی پولایین بەروی ئەو پیلانەی لە ئەنجامی کەمان ئەکرێتو بـەردە لەروی ئەوانە هەڵمالن کـە سەرشۆرانە باژرگانی بـە مەسـەلە چارەنوسـیکانی ئەتەوەکەمانەوە ئەکەن ..

ئەمەش لەو بەیاننامەیـەدا دیاری کراوە کە رۆژی یـەك شەمـەی رابوردو یەکێتیی نیشتمانی قوتابیانی عیـراق بەبۆنەی بیرەوەری پانزە هـەم سـالی دامەزراندینەوە دەری کردوە .. کە رێکەوتی دوێنێ ئەکات .

بەیاننامەکە ئەڵێت : یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق لە زروفـی تێکۆشـانێکی ناهەموواردا لەدایك بولەکاتێکدابو کـە جەماوەری گـەل دژی دەسەلاتی دیکتاتوری تۆنەکۆشا کە شۆرشی ١٤ی تەمـوزی پێروزی لەو رێگایە لادابوو کـە بۆی نەخشەکێشرابو ..

هەرو هەا ئەڵێت .. ئـەم تێکۆشانە بوو بـە نمـونەی ئاڵوگۆرێك لـە رنیـازی بزوتنەوەی قوتابیانی ولاتدا ، ئەوەبو یەکێتی بەهۆی توانای شۆرشگێرانەی خۆیو نـەو ئاقی کردنەوانەی لە تێکۆشاندا پەیدای کردبو توانی پرشوبلاوی بکات بە یەکێتیو ، سـەرلـە شیواوی بکـاتە خۆراگرتنو ئەسلەمینەوەو جـاوقایمی وە بزوتنەوەی قوتابیان بگەیەنێتە پلەیەك کە بتە هێزێکی رابەر لـە بەرەنگاربونی زورداری وە رێگا خۆش بکات بـۆ تێکۆشانی جەماوەر بەجۆرێك کـە رەوزی پاشەکشەی دیکتـاتوریەت بکات .

یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق لـە بەیاننامەکەیدا .. نارەزایی بەرامبەر ئەو ئەخشانە دەربڕیوە کە ئەیاتەوێت لـە مەیدانی لبنـاندا جـەماوەری عەرەب بەهـۆی هێزەکـانی رژێمە گومراکەی دیمەشقـەوە سەرکوت کرێن .. ئـەوەی ساغ کردۆتەوە کە ئـەو کارەی ئەو رژێمە گومرایە ئەیکـات بەوەی کە وتۆتە گیانی گـەلی عەرەبی لبنـانو فەلەستینو دەسـتێکی گومانلێکـراوی خستۆتە ناو دەستی کۆشەکیرو زایونیزمەکانەوە هەموی بـە نیازو مەبەستی ئەوەیە کـە قەوارەیـەکی رەئەزپەرستی تر لەناو خاکی عەرەبدا بخولقێنێو ئـەو بزوتنەوە شۆرشگێریە عەرەبیـەی ئەخشەکـانی خۆبەدەستەوەدان رەفز دەکـەن لەتاوی بەرنو کوتری کەئەوە .

هەروەها بەیاننامەکە ئەڵێت .. پێرەوەری پانزەهەم ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی لەژیـر سایەی شۆرشی ١٧ی تەمموزی مەزنو دەستکەوتە میژوویـیە گەورەکانیدا ئەگرێتەوە ، کـە هەموی بۆ چاکەی گەلو نەتەوەی عەرەبمانە لەگـەل خۆراگرتنی باڵەوانانەی لەرووی ئەو پیلانە گلاوانەدا کە ئیمپریالیزم دژی مەسـەلە چارەنوسـیکانی ئەتەوەکـەمان سازی ئەکات .

بەیاننامەکە بانگی جەماوەری

بروانـە ل ٨

Institut Kurde de Paris

کـــردنـــەوەی ئـەنجومـەنی بنـکـەی گـــەل لـەهـــەولێـردا

بەڕێوە بردنی خۆجێیەتـــی و چەنـــد بڕۆژەیەکـــی نـــوێ

بەڕێوەبردنی خۆجێیەتی هەولێر تێستا کە لەبـــەردەم چەند بڕۆژەیەکی تازە دایە بۆ دروست کردنی چەنـــد قوتابخانەو کازینۆو ئوتێـــل و قوتابخانەی منداڵانی تازە پێ گەیشتوو چەند کارگەیـــەك . ئەمە لەو ڕاپۆرتە هاتووە کـــە ئەمینداریەتی گشتی کاروباری ناوخۆیی دەری کردووە بـــۆ لێکۆڵینەوەو پەرەپێدانـــی ناوچەکە لەمەیدانی ئـــاوەدان بوونەوەدا ، بەتایبـــەتی بـــۆ جێ نشینی هاووڵاتیانو کـــەم بوونـــەوەی گیروگـــرفتی نیشتەجێبوون کە ٧٢٦ هـــەزار دنیاری بۆ تەرخان کـــراوە ، هەروەها پارەیـــەکی زۆر بـــو دروست کردنی چەندەهـــا پارکیای نوێو چەند دەزگایەکە میری تەرخان کراوە .

سەر لە ئێـــوارەی ڕۆژی ٢٠ـ١١ لەهۆڵی گەلی پارێزگای هەولێر ، ئاهەنگێکی جەماوەری فراوان ڕێك خرا بەبۆنـــەی داهەژراندنی « ئەنجومـــەنی بنکەی گەل » کە هەفتـــەی ڕابردوو دەستی کـــرد بـــەجێ بەجێ کردنی کاروبارەکانی خۆی .

ئاهەنگەکە بە ووتارتـــکی جێگری سەرۆکی ئەنجومـــەنی ڕابەڕاندن ماموستا « ســـعادادیب » کرایەوە ، کە تیایـــدا ئرینگی کردنەوەی ئەنجومـــەنەکەی ڕوون کردەوەو دەست نیشانی ئامـــۆی پاشـــەڕۆژی ئەم ئەنجومەنەی کرد لە قووڵ کردنەوەی ڕێبازی سەرکردایەتی شۆڕش و جێ بەجێ کـــردنی دروشمە پیرۆزەکانی لەپاشـــان بەڕێز پارێزگاری هەولێـــر ماموستا « محەمەد عەلی ئەمین » دوانێکی داو هەڵوێســـتی مەبـــدەئیانەی ســـەرکردایەتی شۆڕشی دەرخست لە پێناوی خزمەتی جەماوەرو ئەهێشـــتنی گیرو گرفتی گەل ئەنجـــا داهەژراندنی دەرخست .

وە ئەوەی شایانی باســـە ، ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنەکە تا ئێستا پەنجا کەسە ، کـــە بریتین لە لێپرســـراوە ڕێکخراویەکان و بەڕێوەبەرانی پەروەردە و ئیش کـــردن و تـــەندروستی و چەند بەرپـــرسیارێك لە پارێزگای هەولێـــر لە سەرووی هەمووانـــەوە پارێزگاری هەولێر ، جگە لـــە ووتارێك خوێندەرایەوە لەلایەن بەڕێز « کاظم بطین » لێپرسراوی لقی ژوورووی پارتی بەعسی سۆشیالستی عەرەب لە پاشان سەرۆکی ئەنجومەنی بنکـــەی گەل بەڕێز « عبدالغفـــار عبدالقادر » ووتاری ئەنجومەنەکەی خوێندەوە و ئەرکـــی نوێنـــەری کرێـــکاران و جوتیاران و ڕۆشنبیران ، کـــە ئـــەمە هەنگاوێکی تـــازەترە لە بەردەم ئەنجومەنەکەدا .

شیرزاد عبدالرحمن
پەیامنێری هاوکاری

چـــەنـــد کۆڕێکی فـــراوانی یەکێـــتی نـــەقـــابـەکـــانی کـــرێکـــاران لـــە سـلێـمانی

● ڕۆژی هەینی ڕێکەوتـــی ١٩ـ١١ـ٩٧٦ کات ژمێری نۆی سەر لە بەیانی لەسەر هـــۆڵی نەقابەی کریکاران لە سلێمانی یەکیەتی نەقابەکانی کریکاران کۆڕێکی فراوانـــی بەسەت بۆ سەرەك نەقابـــەلقیەکانو ئەندامانی لیژنـــەی ڕابەڕاندن لە نەقابەکاندا .

لەم کۆڕەدا بەڕێز حســـین جبار حسین سەرۆکی یەکیەتی نەقابەکانو بەڕێز هـــاوڕێ لێپرسراوی نوسینـــگای کریکاران لە سەرۆکایـــەتی شعبەی سلێمانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئامـــادەبوون .

سەرۆکی یەکیەتی دوانێکی داودەوری هەموو لێپرسراوانی ڕوون کردەوە لە پێش خســـتنی کاری نەقابەداو داوای لێکردن هاوکاری بکەن لەگەل بەڕێوە بەرایەتیە ئیدارییەکانـــداو مەبەســـتی ســـەرەکیان پێشخستنی وولاتو گەل بێت .

● ڕۆژی یەك شەممـــە ڕێکەوتی ٢١ـ١١ـ٩٧٦ کات ژمێری ١١ی سەر لەبەیـــانی نەقابەی کارگوزارانی کۆمـــەل لەیەکیەتی نەقابەکانی کریکارانی سلێمانی کۆڕێکیان پێك هێنـــا بـــۆ کریکارانی بەشـــی تەندروستی پارێزگای سلێمانی تیایا باسی ڕاگرتنی ئیشوکارو ئەهێشتنی سەلبیاتی ڕابوردویا کردوو داوایان لە هەمـــوو کارگوزارانی تەندروستی کـــرد کە بەشێوەی داوالێکـــراو ئیشـــوکاری خۆیان بکەن لە هەمان ڕۆژداو کات ژمێری دووی پاش نیوەڕۆ نەقابـــەی کریکارانی کشتوکالی سلێمانی کۆڕێکیان بەست بۆ کریکارانی ئەم بەشە لەکۆڕەکەدا باسی هۆکانی کەم بونەوەی بەرهەمیان کردوو داوایان لە کریکـــاران کرد کە هەوڵ بدەن بۆ زیـــاد کردنی هەموو جۆرە بەرهەمێك بەرەو وولاتێکی پێش کـــەوتن خوازی سوشیالیستیو هـــەموو ئیشوکاریان لەسەر پلان بێتو یارمەتی هەموو لایەنە بـــەریوە بەریەتیەکان بـــدەن بۆ ئاسان کردنی ئیشوکار .

● لەهەمان ڕۆژدا یەکیەتی نەقابەکانی کریکارانی سلێمانی کۆڕێکی فراوانی بەست بـــۆ هەموو کریکاران لە پاریـــز گاکـــەدا بەشـــی زۆری لێپرسراوانی ئیداریو سەرۆك دائرەکان ئامادەی بوون .

لەم کۆڕەدا بە ووردی باسی دروشمەکانی ئەم سەردەمەی حزبی سەرکردە کراو هەندێکیان ڕوون کردەوە بۆ کریـــکاران و داوایان لە هەمووان کرد بـــۆ هەوڵدان بۆ پێش خســـتنی ئیشوکارو ئەهێشتنی هۆکانی کەم بونەوەی بەرهەم لەسەر ڕۆشنایی هەردوو بەیاننامەکەی ئەنجومەنی سەرکردایـــەتی شۆڕشو سەرکردایـــەتی هەریمایەتی حزبی بەعـــی عەرەبی سۆشیالیست کـــە لەم دواییەدا دەربارەی زیادکـــردنی بەرهەم بڵاویان کردەوە .

لەکۆتاییدا هەندێ پرسیارو گفتوگۆی فراوان کرا لە نێوان لێپرسراوانو ئامادە بوواندا و چارەسەریان دانا بۆ هەنـــدێ لە گیرو گرفتەکانیان .

وەزیری کشتوکاڵ وهاوکاری سەرکردنی کشتوکاڵ سەری لە پارێزگای سلێمانی دا

● ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠ـ١١ـ٩٧٦ کات ژمێری نۆی سەر لەبەیانی بەڕێز دکتـــورحسن فهمی جمعە وەزیـــری کشتوکالو ئیـــارەسەرکردنی کشتوکال گەیشتە پارێزگـــای سلێمانی لەسەردانێکی یـــەکڕۆژیدا .

● وەزیری بەڕێز لە لایـــەن بەڕێز مامۆستا محمد امین محمد پارێزگـــاری ســـلێمانیو لێپرسراوانی سەرکردایـــەتی شعبەی سلێمانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو سەرۆکی ناوچەی کشـــتوکالی سلێمانیو هەموو سەرەك دائرەکانـــەوە پێشوازی لێکراو هەمـــوو ئەندامانی ئەنجوومەنی کشتوکالی پارێزگا ئامادە بوونو بەریـــز دکتور حسن فهمی جمعـــە لەگەلیان کۆبوەوە وە باســـی بلانی کشتوکالی سالی تازەیان کردوو هەندێ گیروگرفتـــی سەرەکی کشتوکالیان چـــارە سەرکردو هەر کەســـە لە ئەندامانی لیژنەکە ڕای تایبەتی خـــۆی دەربڕی بەرانبـــەر بـــە بلانی کشتوکالی سالی داهاتو چۆنیەتی زیادکردنی بەرهـــەم وهەوڵدان بـــۆ ئەهێشـــتنی هۆکانی کەم بونەوەی بەرهەم لەسەر ڕۆشنایی سەرزەنشتەکانی حزبی سەرکردەو میـــری نیشتمانی .

● هەر وەها کاك شـــیخ هادی شێخ نوری ســـەرۆکی یەکیەتی جوتیارانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنەکـــەدا داوای لە بەڕێز وەزیر کرد کە چەند خاڵێکی گرنگ هەیـــە بۆیان جێبەجێ بکاتو لەوانـــە وەکـــو .

١ ـ زیادکردنی نرخـــی توتن چونکەنرخی ئێستای کەمەو جوتیار کەلکی لێوەرناگرێت .

٢ ـ گۆڕینی جۆری فەحس کردنی توتن چونکە ئەم جـــۆرە فەحسەی کە ئێستا ئەکـــریت سودی گشتی تیا کەمە .

٣ ـ کارگەی شەکـــری سلێمانیو جوجەلە بەخێوکردن هەندێ زەوی جوتیارانیـــان بەکار هێناوە لە ئیشـــوکـــاری تایبەتی خۆیاندا یان نرخـــی زەویەکانیان بۆ بەژێرن یـــان زەوی تریان بدەنێ یان دایـــان بمەزرێنن بە کریکـــاری کشتوکالی لە ناوچەکـــانی خۆیاندا .

دوای حەوانەوەیەکی کـــورت بەرەو کەرکـــوك گەرایـــەوە لەلایـــەن پارێزگـــارو لێپرسراوانەوە بەرێکران .

لەگەڵ

هەواڵەکاندا

بەڕێوەبەرایەتی بە ناوخۆیی یەکانی سەر بـــە ئەمینداریەتی گشتی بەڕێوەبردنی کـــاروباری ناوخۆیی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا دەستی کرد بە جێ بەجێ کردنی چەند پرۆژەو دەزگایەك لـــە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانیو دهوك ، ئەم پرۆژانە زیاتر لـــە ٢٦ ملیون دیناری تێ ئەچێ .

کاتێ حوکومەتی شۆڕش ئەم کارە مەزنانە جێبەجێ ئەکـــات کە بریتین لە جێبەجێ کـــردنی ئەرکە ئەتەوایەتیەکانی کە لەو ناوچانە دەیکات کـــە جۆرەهـــا باری ناخۆشییان چێشتووە بە دەست تاقمە یەکـــێ گیراوەـ گاندا ، دیارترینی ئەم کارانە دروست کردنی خانوو بەرەیەکە زیاتر لە بیست ملیـــۆنو ٧٢٦ هەزارو ٨٤٨ دیناری تێ ئەچێ، ئەوەشە دابەش ئەکرێ بەسەر ئـــەو سێ پارێزگا یانەدا . هەروەهـــا خـــانوو بەرەی قوتابخانەو باخچەی منداڵان کـــە سێ ملیۆنو ٣٤١ هەزار دیناری بۆ تەرخان کراوە هەروەهـــا خانووبەرەی دەزگا حوکومیەکان وفابریقەی بەرهـــەم هێنـــانو چـــەندان کۆکـــاو گـــەراجو کازینۆو یانەی حـــەواندنەوەو بڕۆژەکانی خزمەت کـــوزاریو خەستەخانەو مەلبەندەکـــانی تەندروستیو جێگای پیشـــەی دەستیو فراوانکردنی چـــەند خانوو بەرەیەکی دەزگـــاو دایرەکانی دەولەتو چـــەندان دەست کەوتیتر کە بـــە جێ هێنراوە .

هەروەها سەرۆکایەتی حزبو شۆڕش بایەخێکی تەواوی داوە بـــەم پارێزگایانـــە هـــەروەك پارێزگـــاکـــانی تری وولات ، بارەیەکی زۆری بۆ بنیات نانی تەرخان کردووە دوای ئـــەوەی تووشی ڕووخاندنو وێران کردن بوو بەدەست مەلای یەکـــێ گیراوو تاقمەکەی یەوە کە هەموو خـــەلکی ناوچـــەی ئۆتۆنۆمی بەچاوی خۆیان ئەم خرابـــەـ کاریانەیان بینیوە . هەروەها لـــە کۆنکرەی فیکری دەربارەی ئەو وەفدە عەرەبو پێگانانە کە لـــە کۆنکرەی فیکری دەربارەی زایۆنیزم بەشداریان کرد کە لە بەغدا بەستراو بەم دواییـــە کۆتای هێنا سەریان سوڕما لەو هەموو دەست کەوتە مەزنانـــە کە لە سەردانەکەیاندا بـــە چاوی خۆیان بینیویانە لـــە ناوچەکەداو چـــەند جـــارێك جاویان بە بەڕێز ســـعد ادیب جێگری سەرۆکی ئەنجـــومەنی ڕابەڕاندن کەوتووە .

هەروەها هەموو ئەو دەستـــ کەوتە مەزنانە کە سەرۆکایەتی حزب وشۆڕش جێبەجێی کردوون بینیویانە کە هەرگیز حوکومانە کانی ڕابوردوو نەیان توانیوە ئەم جۆرە وەست کەوتانە بە بهێنن سلاو بۆ ئـــەو بازوانەی ئـــەو شوێنە تێکداراوانـــەی کۆڕیەوە بە دەست کـــەوتی سەرسوڕهێنەر ، سلاو بـــۆ شۆڕشی ڕابەر کە [illegible] ستیدا ئیش و بنەمات ئانە .

ع.ر.

لـــە سەرێ

گـــوڵە خوریـــەکەوجوتـــە شیشمەکـــە

لەکاتێکدا هەموو ســـاتێکی ڕۆژانەمان بە دەیـــان دینـــار دەکەوێت لەسەرمان وە لە هەموکارێکو شوێنە پیشەســـازیە کاندا و لە قوتابخانەکانـــداوجێگەکانی تر کۆڕ دەبەســـترێت بۆ پەردەپێستاندنی وەدەســـت هێنراوەکان . کەچی هێشتا زۆر شوێن هەیە هەر وەکـــو ناکاداری هیچ ئەبن وەهایـــە بەرێکەوت چوەە یەکیك لـــەوشوێنانەی کە خوشکان زۆربەی کاریان پێی سپێڕراوە هـــەرزوورەی بۆ تامی چێشت برایەکی تیداهەیە یان نا . بەڵی ئێستاکەوام لە یەکیك لەو ژوورانـــەدا سەرەتێزی بەردەم ئـــەو ســـێ خوشـــکەی لەو ژورەدابـــون پاکوتەمیزبوو (تەنهـــا سبەتـــەیەکی تەلی لەسەربو ! وا بزانم بۆ دیکوری هێزەکە دانرابو . ئەو کەسەی چوبوم بۆ لای بـــە ڕێکەوت چـــوبوە دەرەوەی ژورەکە منیش چاوەروانیـــم دەکرد . زۆر کشومات ئەنهـــادەنگی هەناسەی دانیشـــتوان دەهات . یەکیك لەو خوشکانە بێئیشتی دەچو تاو تاو چەقـــە چەقێکی تایبەتی لە بنشـــت جوینەکەیەوە دەهات . کەمیش خۆش هاتنی لێ نەکردم بەڕاستی میوانێکی ئیسك قورس بـــوم بو ئەو سێ خوشـــکە . وایاریش بو پێش ئەوەی بچمە ژوری کۆبونەکی تایبەتیـــانەوەبوبن . هەرچونێ بێ دیاربـــو بوونم لە ژورەکەدا ئەرمێـــکی زۆر گران بو بویان ســـەرتان نەیەشینم منیش گوتم ئەمایـــە هیچ ئەو ڕۆژانەیەی بەدەستمە ودبو دەستم کرد بـــــە خوێندنەوەی .

لەبۆ ئاهێکی پڕترس هاتـــەگوتم . سەرم هەڵبری لـــە ڕۆژنامەکە ئەماشاکرد هەرسێ خوشکەکە ئێم ئەنوارن . جاری سەیریکی خوم کرد بـــەڵی هیچم نییە وابزانم شاخیشـــم لێ نەڕواوە . بە شـــیوەی گشتیش زۆر ئیسمك گرانیش نیم ئەی چی بێ .. ؟

ویستم قاچم بخـــــەمەسەریەك لەو کاتەدا بێم بـــەر شتیك کەوت کە ئەماشام کردگولوڵەیەك خوری ســـوورە هەڵم گرتەوەو ســـــەیری جەمسەرەکەیم کرد دیاربـــو کولوڵەکە هی ئەو خوشـــکەی بەرامبەرمە منیش هەڵم گرتەوەو خستمە سەر سبەنە ئەڵەکـــەی بەردەمی و ووتم ڕەنـــگی خوریەکەت جوانە . دەبـــــی دەستێکی بەلات هەبێ لە جنێندا هیچ لە دەمی ئەهاتە دەرێ نـــەبە چاك نە بە خـــراپ . خێسەیەکی باشی ئی کردم بەڵامئە تورەکەیەکی نایلوندا جوتی شیشی ئەڵم دی لەگەل هێندی خوری چندراو .

کە ئەماشای بەردەمی دووخوشکەکەی نرم کرد دیاربـــو ئەوانیش خریکی جنێنبدون . لەشیان ساغبێ ئەی چی بکەن خو ئەگەر هاو وولاتیەکیـــشبیت بو لایان دەلین بو ئەنجامی کارەکەت دوو ڕۆژی تر وەرەوەلەو کاتەدا هاوڕێکەم هاتـــەوەو وتی ببورە ماموستا بەریـــوەبەری دایرە کەمان کاری بیمهەبو لەبەر ئەوە دواکەوتم . منیشبە ئەوسەوە ووتم بوچـــی دائرەکەی ئیوە دەبی لە چنینزیاتر کاری تری چی هەبیت . هاوڕێکەم وتی بوچی ماموستاتویش کارگەی ژورەکـــەمانت دی . دەبی چنینەکانی خوشکەکانمانت بەسند کردبێ . منیش وولامم دایەوە بەم جۆرە بڕۆن باداش چاکی شوورش دەدینەوەو بناغەی چاکـــی سوشیالیستی دادەمەزرینین .

باوکی بختیار

کـــردنـــەوەی ئـــامـــادەیی شـــەو لـــە هەڵەبجـــە

● لەسەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتی ڕامیاری کونگرەی هەشـــتەمی هەریمایەتی حزبی بەعســـی عەرەبی سوشیالیستو لە گەل چونە پێشەوەی شان بەشـــانلە ئەل ڕتبازی ڕامیـــاری بەروەردەیی میری ئیشتمانیـــداکەئەیەوی ڕۆشنبیریو زانیاری بڵاو بکاتەوە لە وولاتـــدا بـــۆبەرزکردنـــــەوەی ڕادەی ڕۆشنبیری جەماوەرو دروستکردنی باشترین هەل بۆ بەدی هێنـــانی باشـــترین شـــێوەیخوێندن بۆڕۆڵەکانمانوە بتوانن بێبەش نەبن لە ئەواو کـــردنیخوێندنیان .

● بەریوەبەرێتی بەروەردەیسلێمانی بریاری کردنـــەوەی ئامادەیی شەوی دا لە هەڵەبجەبەناوی (ئامادەیی هەڵەبجـــەی شەوی کوڕان) .

● بەم شێوەیە بەشـــێکیزۆر لەو قوتابیانەی نەیـــان توانیوە بەردەوام بن لە خوێندنایان لە بەر هەندێ هۆی تـــر قوتابخانەیان بەجێ هێشـــتووە ئەتوانن قوتابخانە تەواو بکەنو هەوڵ بدەن بگەنە دوا ئامانجـــو ناواتی دوارۆژی خۆیان .

خێوەتگای دیدەوانی بەروەردەی سلێمانی

● بەریوەبەرێتی چـــالاکیوەرزشیو دیدەوانی لە بەریوەبەرێتی بەروەردەی ســـلێمانیخێوەتگایەکی پێك هێنا بۆ (عرفا طـــلائع)ی تیپی دیـــدەوانیقوتابخانە ناوەندیو ئامادەیی کانی ناو شاری سلێمانیو هەرقوتابخانەیـــەك دوو دیدەوانی بەشدار کردبوو . خێوەتگا کەماوەی ســـێ ڕۆژی خـــایاندو دیدەوانەکان جۆرەها مەشـــقی تایبەتیان تیا وەرگرتوە بـــۆ ئەوەی ئەم دیدەوانانە کە لـــەمخێوەتگایەدا بەشداریان کردووە لە قوتابخانەکانی خۆیان ببنەلێ پرسراوی تیپی دیـــدەوانی قوتابخانەکانیان چونکە لێرەداە هەمـــو ڕوەکـــــــەوە ئامادە ئەکرێن بە شێوەیەك کـــە بتـــوانن لێپرسراوی تیپێکی دیدەوانی بکەن لە ٢٠ دیدەوانزیاتر بێت هـــەر وەها فێری ئەشقی جۆراو جۆری تایبـــەتی ئەکرێن کە سودی گشتی تیدایە وەکو ئاگر کوژاندنەوەو فریا کـــەوتنی کتوپڕی نـــاو ئاو یارمەتیدانی تیپی تەندروستی لە کاتی پێویستدا .

ژمارەی بەشدارای خیوەتگاکە ٢٤ دیدەوان بوون .

دوای ئەواو بوون خێوەتگاکە بەریوە بەری خیوەتگا ئەنجامی هەموو دیدەوانەکانی ڕاگەیاند بەقوتابخانەکانیان بۆ ئـــەوەی بەریوە بەریتی خۆیان ئاگاداری چۆنیەتی دەرچونیان بین .

ڕۆژی ٢٠ـ١١ـ٩٧٦ کۆتایی بەم خێوەتگایە هێنرا کە لـــە خێوەتگای هەمیشەیی سەرچنار ئامادە کرابوو .

حمە سعید حمە کریم فرج
پ. هاوکاری لە سلێمانی

پاشماوەی دوو بروسکە

حکومەتی شۆڕش پێشـــکەش بەرگری فەلەستینو هێـــزە نیشتمانیبە پێشکەوتنخوازەـ کانی تری ئەکات لـــە مەیدانی عەرەبدا ئەویش لـــە پێناوی خۆاستی جەماوەری عەرەب لە ڕزگاریو بنیاتنانی کۆمەڵگاـ یەکی سۆشیالیستی دیموکراتی یەك گرتودا .. هەربۆیە بـــۆ تێکۆشان .

ئەو کۆنگرەی ڕوشنبیری ـ یەی لـــــە ڕۆژی شەممەی ڕابوردودا بە بۆنەی هەفتـــەی هاوکاریو پشتگیریی گـــەلی فەلەستینیو لبنانیبەوە ئیرابو .. کە ڕێکخراو قوتابیـــــە عەرەبەکان لە قاهیرە لەمە دوا کۆبونەوەیاندا داوای بەستنیـــ یان کردبو .

لـــە کۆتایی کۆبونەوەکەدا قوتابیـــــان بروسکەیەکی عەرەبدا ڕنکخات بۆ پشتگیری ـ نارەزایی بۆ سەرۆکی ڕژێمـــی گومڕای دیمەشق حافظ اسد ناردبو بە هۆی ئەو دەســـت تیوەردانەوە کە لـــە کاروباری لبنـــاندا ئەیکات و بەمەرامی خزمەتکردنی کۆئەیەرستانو چارەسەری خۆ بەدەســـتەوە دەرانە ئەبەوێت شۆڕشـــی فەلەستینو بزوتنـــــەوەی نیشتمانی لبنان سەرکوت کات .

لیژنەی نیشتمانی کۆنگـــرەی میللی عەرەب :ـ

لیژنەی نیشتمانی کۆنگرەی میللی عەرەب لـــەو بروسکەیەدا کە بۆ سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکرو هاوڕێ صـــدام حسینی ناردوە ئەوەی دویانـــە کردۆتەوە .. کە هەمیشـــەو بەردەوام ئامادەیە کە کاروباری خۆی لەگەل لیژنە نیشـــتمانیتکانی کۆنگرەکە لـــە ولاتانی کـــە پێشکەشی بەر ڕی فەلەستینو بزوتنـــــەوەی نیشتمانی لبنـــانی ئەکات دژی دەســـت تێوەردانی سوریاو پیلان گیرانی لە ئەل هێـــزە گوشەگیرەکاندا بۆ لەناوبردنی عەرەبایەتیو یەکێتیی لبنان . لیژنەکە ئەوەش دووپـــات ئەکاتەوە کە بە ئەوپەری تواناوە هەوڵ ئەدات کاروباری خـــۆی لەگەل لیژنە نیشتمانیبەکانی کۆنگرەی عەرەب لە ولاتانی تری عەرەبدا ڕنکبخـــات ، ئەویش لـــە پێناوی جێبەجـــ کردنی بڕیارەکانی کۆنگـــرەی کۆنگـــــرەی میللی عەرەب کە لە بەغدای شۆڕشـــــدا گیرابو .. وە لە پشـــتگیری کردنی بەرگری فەلەســـتینو بزوتنەوەی نیشتمانی لبنانداـ .. و بارگرانی عەرەبایـــەتی لبنـــــانو یەکێتیی خاکو زەویدا ..

هەر بۆیە بۆ پشـــتگیریو یەکێتیی شۆڕش فەلەســـتینو بزوتنەوەی نیشتمانیی لبنان .

هەر بۆ پێشەوە .

لیژنەی نیشتمانی کۆنگرەی میللی عەرەب عیراقدا .

ع.ر.

لاوان و

عبدالقادر خلیل

هەشتەکانی ئولومپیادی وەرزشی ئەوەیە بۆ موسکۆ باش ئەنجامدانی ئولومپیاتی وەرزیل .

موسکو لە سالی ١٩٨٠دا ناهەنگی ئولومپیاتی خولی (٢٢) بیستو دووەمی تیدا ئەگیڕرێ . هەر بۆ ئەم مەبەستە لێپرسراوانی ئولومپیاتی(١٩٨٠) لە کیشانی ئەخشەدان بۆ سەرخستنی ئەم خولە وە لەشاری ئولومپیاتی ١٩٨٠ دا ئەم پێویستیە وەرزەشیانەی خوارەوە ئامادەکراوە وابەرەو ئەوابون دەچن .

(٥٩) ستودیویی وەرزشی لەشاری اولومپیادا هەیە بەرامبەر بە ١٫٣١٩ شوین یاری جمناستیک و ٢٩ حەوزی مەلەکردنی ئولومپی و ٥٩٩ شوین یاری توپی پێی و بە هەزاران شوین یاری توپی سەبەتەو قلی و تنس تەنها لە شوین یاری (لوژهینسکی)دەتوانرێ (٢٧) یاری هەمەجەشنە لە یەک کاتدا بکرێت . وە ئەم ستودیوەانە بە تێکڕایی دەتوانن (½نیو ملیون کەس بەیەک جار بگرن) .

جگە لەم شوینی یاریانە دەبێت دیسانەوە شوینی ئری کە ئامادەبکرێت بو خولی (٢٢)هەم . بو ئەم مەبەستە زیاد لە (٥٠٠) ئەندازیاری بینایەشدار بون لە ئەخشەکیشانی ئەم یاریگایانە زورەبەیان ئیستالە ئەواوبوندایە جا بو ئەوەی باش خولی (٢٢) هەمین سوودوەربگرێت لەم خانو کەرسانەی کە دروستدەکرێت . جاودترانی اولمپیاتی (١٩٨٠) بریاریان دا کە سودێکی گرنگی ببێت بودانیشتوانی شاری موسکو لە بارەی پێویستیەکانی ژیانی دانیشتوانی ئەم شارەوە . بایەخ بدرێت بە بارەی تەندروستی و بەرزی پلەی ژیانیانەوە .

وە لەم رووەوە کاربەدەستان بارچە زەویەکی فراوانیان دەستنیشان کرد لە روژئاوای شاری موسکو کە بانتایەکەی نزیکەی (١٠٠) هکتار دەبێت .

وە ئەم شارە دەتوانێ(١٢٫٠٠٠) دوانزە هەزار وەرزشکاری تیدا بحەوێتەوەوەپێویستی ئەو (١٢٠) ولاتەی بەشداری خولی (٢٢) هەمین دەبێ لە ئولمپیاتی (١٩٨٠)دا لە شاری موسکو هەمو کارنگی وەپێویستیەکی وەرزشی و روژنامەگری وتلگرافو . تەلەفزیۆن و ئیستگە بە زوربەی زبانی بەشداربوی خولی (٢٢)هەمین ئامادەدەکرێت جگە لە خواکو خواردنەوەو نوستنوپێویستی روژانەی وەرزشکارەکان . هەمو خولی(٢٢) هەمین بەهوی مانگی دەستکردەوە نیشان دەدرێت لە هەمو جیهاندا . هیوادارین وەرزشکارەکانمان لەم خولەدا ئاوای کوماری عیراق بەرزبکەنەوە بەوە دەستهیناتی بلەی سەرکەوتو لەو خولەدا .

قوتابیان و کاری گەلی لە ناوچەی هەلەبجەدا

کامل حمە قادر

ئێمە ئەزانین کە هەموو کات قوتابیان هاوبەشی کاری گەلیان کردووە وەمەو کارە هێزوویەیان لە ئەستۆ کردووە کە هاوبەشی بکەن لەگەل چینەکانی تەلەدا هەروەها قوتابیان هەمیشە وەک رایەلی بریارەکانی شورش و حزبن کە حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبیە بۆهاوبەشی کردنی کاری گەلی بۆ بنیاتنانی وولاتێکی پێشکەوتووی سوشیالیستی .

بۆ ئەم مەبەستە ساوامان کەوت بە کاک (کامل حمە قادر) بریاری ساوی بەکەتی قوتابیانی کردستانی عێراق کەرانی هەلەبجە وداوامان لی کرد کە دەربارەی ئەو کارە کەلی یە بدرێت کە قوتابیان بۆی هەستاون لە ناوچەکەدا .

کاک کامل ووتی :-

لەژێر چاودێری بەکیتمانەو لەژێر دروشمی بەکیتماندا بۆماوەی ٣ روژ قوتابیان و مامۆستایانی ئەم ناوچەیە هەستان بەهاوبەشی کردنی کاری گەلی بۆ چێنینی (لۆکە) لەبرۆژەی (شەهرزور) بەم شێوەیە .

١ ـ لە روژی ١٠/١٧ قوتابیان و مامۆستایانی سانەوی هەلەبجەی کوران تا کات ژمێری ١٢ی نیوەرۆ هاوبەشیان کرد .

٢ ـ لە روژی ١٠/١٨ قوتابیان و مامۆستایانی سانەوی هەلەبجەی کجان تا کات ژمێری ١٢ی نیوەرۆ هاوبەشیان کرد لە روژی ١٩ـ١٠ قوتابیان و مامۆستایانی بەیەنگای ئایینی و بازاڕی شەهرزور هاوبەشیان کرد تا کات ژمێری ١٢ی نیوەرۆ .

ئەمە هەموو کات ئامادەبن بۆ هاوبەشی کردنی کاری گەلی چونکە بەگێک لەئامانجەکە پیرۆزەکانی بەکیتمان کە توێژەری قوتابیانە لە ناوچەی نوتونومی هەروەها ئەمە ئەزانین کە یەکێک لەدروشمەکانی ئیستامان ئەوەیە (بەرهەمی زیاتر و نوعیەتی باشتر رێکەوتنە بۆ خزمەتکردنی گۆمەلایەتی) . وەمن بەناوی لیژنەی کەرتی هەلەبجەوە سوپاسێکی گەرمو بێ پایانی مامۆستایان و قوتابیان لەکەم بۆ ئەو هاوبەشیە پیرۆزەی کە کردیان لەکاری گەلی ناوچەکەماندا .

پاشماوەی : بەندو بالاوە

دانیشتون ، وەلامی ئەدەنەوە ، وە (لاروک بیز) کەلی جوری هەیە وەک دەنگ خۆش و دەنگ ناخۆش و ، هەرزان ، گران ، جوان و ناشیرین .

ئەمەش جورێکی تر بوو لە فولکلوری کورد کە تا ئیستا ماوە لە نێو کوردەواری ئەوەک لەدیمانەکان بەلەک و لە شارە کەورەکانیش کە جێژنێکی تایبەتی هەیەو لقێکی لە فولکلوری کورد .

رژگا حسن

پاشماوەی : زایونیزمی ..

سەرەبەگوبەند پیشمان بدرێ ، بە تایبەتی لە سالەکانی (٣٠)دا فلیمە زایونستەکان ویستویانە هەڤویستی دەستکرد سەبارەت بە بەژژرانبازی نایینی لە نیوان عەرەب و ئەوروپاییەکاندا بنوێنن و عەرەبەکان وا پیشان بدەن کە گەلێکی سەربەگۆبەندن و هەرەشەن بۆ سەر شارستانیەتی رۆژئاوا .

لە سالەکانی (٥٠)وە زایونیزمەکان بە نارەوایانە بانگەوازی رەگەزپەرستیان دژی عەرەب خستەرو ، کومپانیە سینەماییەکانیان بە نایبەتی لە ئەمەریکا عەرەبیان ئەمجارە وەک تەمەل و نەوەزل و کەودەن وا پیشان ئەدەن وەک نازە لە کونە ئەشکەوت دەرپەڕین .

دوای کارەساتی حوزەیران زایونیزمەکان زیاتر کەوتنە خۆیان بۆ دەرکردنی فلیمی رەگەزپەرستانەی توند دژی عەرەب . فلیمی وایان دەرکرد ، کە وا پیشان ئەدەن زایونیزم جەنگاوەرو نازان و عەرەب بەرامبەریان ترسنۆکو تۆقیوو بە سەیرو سەرسوڕمانەوە سەیری چەکی نوێی دەستیان ئەکەن .

زایونیزم ، لە رێگای سینەماوە ، هەوڵی شێواندنی وێنەی عەرەبی داوە ، جا بۆ ئەوەی رووکەشێکی راستی باتێ ، پەنای بردۆتە بەر کەلەپوری خراپ و شێواوکە لەو کتێبانەی وەرئەگرێ ، سەرکیشە ئەوروپاییەکان لەکاتی دەسەلاتی ئیمپریالیزمی داگیرکەرا نووسیویانو ئەم وەک تۆماری واقعی عەرەب پیشانئەدا .

سینەمایی زایونیزمو لە ولاتەکانی دژ بە ئیمپریالیزمو رەگەزپەرستی قەدەغەیەو زوربەی میهرەجانە سینەماییەکانی دنیا پەیوەندی لەگەل بڕیوە ، بەلام زۆرجار هەلی بو هەلئەکەوێ و لە میهرەجانی گرنگی هەندی ولاتی ئازادا دەرئەکەوێ ..

چۆن ؟!

کاریکی وا ، خالی نیە لە زۆرزانی زایونیزم ، وەک وتمان ، زایونیزم هەر لە سەرەتاوە سینەمای بەکارهینا و ئەیزانی هونەرنکی بە توانایە لە روی خولقاندنی گەورەترین توانای ئاوەژوو کردنەوەی راستی داو هونەرێ کە توانای ئەوەی هەیە بە بێ گێرمەو کێشە ئەگاتە ئەوەی روو کەشێکی راستی باتێ ، بەرەی خراپ و شێواوکە لەو کتێبانەی وەرئەگرێ ، سەرکیشە ئەوروپاییەکان لەکاتی دەسەلاتی ئیمپریالیزمی داگیرکەرا نووسیویانو ئەم وەک تۆماری واقعی عەرەب پیشانئەدا .

سینەمایی زایونیزمو لە ولاتەکانی دژ بە ئیمپریالیزمو رەگەزپەرستی قەدەغەیەو زوربەی میهرەجانە سینەماییەکانی دنیا پەیوەندی لەگەل بڕیوە ، بەلام زۆرجار هەلی بو هەلئەکەوێ و لە میهرەجانی گرنگی هەندی ولاتی ئازادا دەرئەکەوێ ..

چۆن ؟!

کاریکی وا ، خالی نیە لە زۆرزانی زایونیزم ، وەک وتمان ، زایونیزم هەر لە سەرەتاوە سینەمای بەکارهینا و ئەیزانی هونەرنکی بە توانایە لە روی خولقاندنی گەورەترین توانای ئاوەژوو کردنەوەی راستی داو هونەرێ کە توانای ئەوەی هەیە بە بێ گێرمەو کێشە ئەگاتە هەموو کەس ، جا بە بێ ئەم کارتێ کردنە زایونیوم دەستی کرد بە هەولدانی شێواندنی مەسەلەکانی عەرەب لەسەرو هەموویانەوە مەسەلەی فەلەستینو خراپەکاری کردن بەرامبەر خەباتی مروڤی عەرەب کە لە پێناوی سەربەستی و بەدەستهێنانی یەکیتی دا کارئەکا .

ئەوەی سەیری زوربەی ئەو فلیمانە بکا کە کومپانیاکانی سینەمای ئەمەریکا بەرهەمیان ئەهێنن ، وەک رۆژنامە نووسی ئەلی (میژووی فیکری زایونیزم کە میژووی خراپ کردنو شێواندنی رێکخراوە) ئەبینی ، سەرمایەدارەکانی زایونیزم یارمەتی دارایی کومپانیا سینەماییەکان بە نیسبەتی لەسەدا ٢٩ ـ ٥٤ی دەستمایەیان هەیەو دەستمایەکەیان ئەدەن ، لێرەشدا ژمارەی ئەو زایونیزمانەمان لەبیر ئەچێ کە لە سینەمادا کارئەکەن .

لەم رووەوە ، سینەمای زایونیزم هەوڵی داوە ئەکتەرە بە ناوبانگەکان بەلای خۆیا رابکێشێ لەگەل ئەوەشدا کە داستانی « ئەستێرە کەورەکانی » لە سینەمای هاوچەرخدا روخا ، بەلام هیشتا دەست بە داوینیانەوە ئەگرێ و ئەیەوێ لەم رێگایەوە جموجوڵو ناوبانگ بخاتە ناوەرۆکی رەگەزپەرستانەی فلیمەکانیەوە . دوای ئەوەی دەیان ئەکتەری وەک : پول برانیر ، دین مارتن ، ئەلیزابیث تایلور ، فرانك سنیاترا ، پیتر ئوتول ، پول نیومان ، میلینا میکوری ، کلین فورد ، کەوتنە داوی زایونیزمەکانەوە ، ئیستاش بەدەیانی تر کەوتونەتە ئەو داوە ، وەک : ئولیفر رید ، رودستایگر ، داستین هوفمان ، ئالن دیلون کە پروباگەندەی فلیمەکەی ئەم داوییەی لەبەردەم ئەستێرەی داوددا دەرئەخستوە .

دوا ئەکتەر کەوتونە داوی زایونیزمەکان ئەکتەر « ستیف ماکوین » کە دەوری سەرکردەی رووداو دژی کاریەکەی زایونیزمەکان لە فروکەخانەی عینتیبەی ئوگندا ئەبینێ .

کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی یاری تۆپی پێ

ئەتوانین هۆی دۆزینەوەی یاری (فوتبول) بگەڕێنینەوە بۆحەزی مرۆڤ . کاتی خۆی لەکۆنەدا میسری یەکان ئەم یاریەیان ئەکرد بەلام شێوەی زۆری ئەچووەوە سەر ئەو یاری (باله)یەی کە ئیستا ئەیکەین .. هەرچەندە تۆپی لە ئەزوو چنراوو لەپێست دروست کراویان بەکارئەهێنا کە لە شەوەدا جیاوازیەکی ئەوتۆی ئەبووە لەئەل ئەو تۆپەی ئیستا بەکاری ئەهێنین ..

وە هەروەها چینیەکانیش لەدەوروبەری دوو هەزارو پێنج سەد ساڵیکەوە ئەم یاریەیان کردووە ناویان ناوە (تسوتشو) .

وە زانا کۆنەکان ئەڵێن : ئەم یاریە لە بەرنامەی سوپایی دا هەبووە کە لەسەر باوەڕی هێرش بردن و بەرگری کردن پێی هەڵساون .. وە هەروەها ئەڵێن لە دەوروبەری (٥٠٠ ساڵی پێش زایین دا) بووە .

دەربارەی شێوەی یاری یەکە ئەڵێن : لە ئۆرەپاینکی کەورەداو لە هەر سەرنکی ئۆرەپانەکەوە دووشمشی ڕاوەستاو وەتۆرێك لە نێوانیان دابووە ئەو کەسەی بیتوانیایە تۆپەکەی بەسەریا بە کوڵی تۆپەکەدا ببردایە بەگۆل بۆی تۆمار ئەکرا .. تۆپەکەشیان لە پێست دروست کراوو توکناوی بووە ..

وە بۆ یەکەم جار وە لە سەدەی پێنجەمدا توانرا تۆپی هەوائی کراو بەکاربهێنن .

گریکەکان (یونانی کۆن) یاری بیاوەکانیان ناونابوو (هاربا ستم) خەلکی ئەچوون دوور لەشار ئەم یاریەیان ئەکردو لەم یاریەدا دژایەتیەکی توندیان بەکارئەهێنا .. زۆر جار لە یاریەکانیاندا بیاوی تیدا ئەکوژرا .. هەر لەم پروانگەیەشەوە بوو ئەم یاریە بووە (یاری شەڕ) .. ڕۆمانەکانیش ئەم یاریەیان لە گریکەکانەوە وەرگرتووە . کاتی ڕۆمانەکان ئینگلتەرەیان داگیرکرد ... ئینگلیزەکان زۆر زوو ئەم یاریەیان لیژە فتربوونو هەموو رۆژانی سێشەمو انتکیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردبوو .. بەڵام هیچ یاسایەکو رێزێکی دیاری کراو ئەوتۆیان نەبووە لەسەری ڕۆیشتن .. ئەم یاریە بەزۆری لە جادەو کۆڵانەکاندا دەکرا و جەنجەڵیو بەنجەرەو دەرئای تیدا دەشکا . لەم یاریەدا دەستیشی تیدا بەکارئەهێنرا .. لەو سەردەمەدا زۆر لە شاکانی ئینگلتەرەو ئسکتلندا بەربەرەکانی ئەم یاریەیان ئەکرد بەلام جەڵی کردنی خەلکیو خۆشی یاریەکە بریارەکانی ئەخستنە ژیر خواستی خەڵکیەوە .. مەبەستی سەرەکی قەدەغەکردنیشی بۆ ئەوە بوو کە خەلکی لە (سواری) دوورنەکەونەوە .. ئەم یاریە لە سەدەی سیازدەهەمەوە ناوی بلاوبۆوەو خەلکی لەچیاتی جادەو کۆڵان بەرەو دەشتی سەوزاوی و کۆرەپانی کەورە کەورە کەوتنەپێو کوت و پڕ ئەم یاریە قوتابخانەو ئامۆژگاکانی ترئەوەو بەخێرایی لە سالی ١٨٦٣دا یەکێتی یەکی تۆپی پێ بۆ ئەم مەبەستە دامەزرێنرا کە چەند یاسەو چەند تیبێك بەشداریان تیدا کردبوو ..

لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەمدا ئاراوەیەکی کەورە کەوتە ناوەوە لەنێوان ئەو لایەنەی ئەیانویست بەکارهێنانی دەست لەم یاریەدا نەهێڵن و لەبەینی ئەوانەی ئەیانویست بەکاربهێنرێت ..

لە ئەنجامدا بەکارهێنانی دەست قەدەغە کرا لە پێشەوەی ئەو شارانەی ئەم رایەیان بەسەند کرد (شفیلد ، لندن ، ونتنجهامو لانکشیر) بوون .

ئیتر لەو کاتەوە ئەم یاریە بەرەبەرە لە وولاتانی تردا بلاو بۆوەو هێزە سوپایی یەکانیش کەلکیان لێدەبینیو پاشان چەند یانەیەکی تایبەتی بۆ کرایەوە لەوانە (کورنثیاتر)و (کاسولکس)و (مدلکس) وە چەند تیبێکی میللی دامەزرا لەسەرو هەموویانەوە ئەوە یەکێتی یە بوو کە لە سالی ١٩٠٤دا بەناوی (یەکێتی تۆپی پێی وولاتان) دامەزرا کە ئیستا نزیکەی (٧٠) وولات تیا بەشدارە .

لە کۆتایشدا نابێ ئەوە لەیاد بکەین (یەکێتی تۆپی پێی عێراق)یش لە سالی ١٩٥٠دا دامەزرا .

ئاوات مەحمود مستەفا
ئامادەی کردووە

هەواڵ و لێکۆڵینەوە

هەواڵ : لەپارێزگای تامیم ماوەیەك لەمەوبەر تیپێکی تۆپی لەژێر ناوی (هەڵبژاردەی پارێزگاری نەوت)دا دامەزراوە .. ئەندامانی ئەو تیپە ئیستاکە لە ئوردوگایەکی تایبەتیدا خەریکی مەشق کردنن ، بۆ خۆئامادەکردن لە بەشداری کردنی بۆر بۆرتنی تیپەکانی ئەو پارێزگایە کە لە سەر کاسی بەرێز بەرێوەبەری گشتی بۆلیس ئەکرێت .

●

لێکۆڵینەوە :- لەم ماوەی دوای یەدا چالاکی وەرزشکاری بە تەواوی لە پارێزگای تامیمدا بەرەی سەندوە ، بەوەی چەند تیپێکی وەرزشی بەهێزی تیا بێتکهاتوە ، لە مەیانی وەرزشدا توانای خۆیان ساخ کردۆتەوە ، دوایی ئەو تیپانەی کە پێکهاتون تیپی تۆپی پێی (هەڵبژاردەی پارێزگاری نەوتە) ، ئەم تیپەو ، تیپە وەرزشکارەکانی تری ئەو پارێزگایە بە چاوێکی رێزو حورمەتەوە لە لایەن لێپرسراوانی وەرزشکاری ئەو پارێزگایەوە چاودێری و یارمەتی ئەدرێن .

تیپی هەڵبژاردەی پارێزگاری نەوت یەکێکە لە تیپە سەرکەوتوەکانی ئەو پارێزگایەو مایەی دلخۆش کردنی دوارۆژی تۆپی پێیە ..

ئەم تیپە بۆ یەکەم جار لە گەل تیپەکانی تری پارێزگاکەدا بەشداری بۆربۆرتنی چاکترین تۆپی پێی پارێزگا ئەکات کە لە سەر کاسی بەرێز بەرێوەبەری گشتی بۆلیس ئەکرێت .. رۆژی ٢٦ی ئەم مانگە بۆ یەکەم جار لە گەل تیپی هەڵبژاردەی پەروەردەدا لە پارێگای کۆمیسانیای نەوتی عیراق یاری ئەکات .

سلاو بۆ سەرکردایەتی یە سیاسیە هەوشمەندەکەی حیزب و شۆرش کە چاودێری بروتنەوەی وەرزش ئەکات لە وڵاتدا .

سلاو بۆ لاوانی وریا کە ئەرکی سەرشانی خۆیان ئەزانن ..

سلاو بۆ هەمو هەوڵو تەقەلایەکی سودمەند .

عبدالوهاب عبدالباقی

پیانەی شەترەنج

شەترەنج زانستو هونەرە ..!

دەولەتە پێشکەوتوەکان ، بایەخێکی زۆریان بە شەترەنج داوەو هەلیان سەنگاندوەو کردویانە بە کەرەستەی نیو بەرنامەی قوتابخانە سەرەتاییەکان ، بۆ ئاراستەکردنی وەچە ، و بێخورکردنیان بە بیروڕای رێك و پێك و مەنتیقی .. ئیتمە چاوەچاوی نەخشەی پاشەرۆژێکی پرشنگدار ئەکەین بۆ ئەوە ئازیزەکانمان، لەپێناوی جماندنی توانای داهێنەرانەو ئامادەکردنیان بۆ پاشەرۆژ .

خالد ...

پاشماوەی : لەیادی پانزەمین دامەزراندنی ..

سەرکەوتووەکەمان ، زۆر شتێکی ئاساییە کە ئەنجامی هەشت ساڵی تەمەنی شۆڕشە پێشکەوتنخوازەکەی ١٧ـ٣٠ی تەموز کۆمەڵێك دەسکەوت بێت بۆ کەرتی قوتابیان بۆ ئەو جێگا دیارەی کە قوتابیان لەورەوتە کۆڕانکاریەدا ئەیبینن کە وڵاتەکەمان لەگشت کۆڕێکی ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیدا بە خۆیەوەی دەبینێت .

ئاهەنگێرانی قوتابیانمان بەبۆنەی یادی دامەزراندنی یەکێتیە ئەمرەکەیانەوە ، بەیەکێکە لەو نیشانە شۆڕشگیرانە دیارانەی کە لە رێگای فراوانکردنی بەیوەندیی نێوان یەکێتی و رێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی قوتابیانی ولاتانی عەرەبو جیهانەوە بەدی هاتووەو ، لەم نیشانانەش لەوانەن کە پێویستە باینوەنەرێك بن بۆ بەرەپێشدانی توانا کانی لەتێکۆشانو لەرێکخستندا ، لەپێناوی پێشکەوتن و رامالینی هێزەکانی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو رەگەزپەرستیدا .

سلاو لەقوتابیانمان لەیادی دامەزراندنی یەکێتیە تێکۆشەرەکەیانداو ، بە جەماوەری قوتابیان لەرادەی هەست بەئەرکی شەرشانگێڕدنیاندا بکەنەرادەی بەرزی کردن لە شۆڕش و دروستکردنی عیراقێکی پڕ لە خێرو خۆشی .

پاشماوەی : بەرەو ولاتانی تردا هەنگاویەتەدی .

لەلایەکی ترەوە لە پارێزگاکانی بەسەردوکەربەلاو موسەنادا جەماوەری قوتابیان کەلێك ئاهەنگی قەشەنگیان کردوە کە لەلایەن قوتابیانی کۆلیجەکانو ئامادەییو ناوەندیەکانەوە پێکهێنرابون لە ئاهەنگەکاندا مەهرەجانی شیعرو پێشانگای پۆستەری سیاسیو کاری وەرزشکاری نیشاندراوە .

مەتەلەکانی شەترەنج

بۆ ئارەزومەندو ئەوانەی حەز لە زاخاودانی مێشك ئەکەن ، دوو پرسیار پێشکەش ئەکەین .. پێویستە یاریکەری داشمە سپی یەکان (مات) (مردنی شا) درای سێ کواستنەوە وەدەس بێنی ..!



پاڵەوانانی جیهان

ویلیەم ستینتز (١٨٣٦ ـ ١٩٠١) بە یەکەم پاڵەوانی شەترەنجی نیو دەولەتان ئەژمێردرێ .. بەدرێژایی ساڵەکانی (١٨٦٦ ـ ١٨٩٤) پاڵەوانێتی خۆی پاراستوە ، تاکو دوکتۆر لاسکەر بەسەریا زاڵ بوە .

چەند ئامۆژگاریەك

- با داشەکانت بلاوبن و یەك پشتی یەك بکرن .
- هەوڵبدە ، ئەنجامی کواستنەوەکان ، شی بکەیتەوە .
- بیر بکە .. ئینجا داشەکەت بۆ خانەی شیاو بگوێزەرەوە .

Institut kurde de Paris

هەفتەی هاتوچۆ

دیاردەیەکی پێشکەوتنی وڵاتەکەمانە

لە ٢٠ی ئەم مانگـــەداهەفتەی هاتوچۆ (اســـبوع المرور) دەست پێدەکا ، کـــەهەمو ساڵێك لە ڵایـــەن بەڕێوەبەرایەتی ئاســـتی هاتوچۆوە بەڕێوە دەبـــرێ • لەم هەفتەیەدا زۆر ئاهەنگ بـــەڕێوە دەبرێـــن و (لافتـــەی جۆربەجـــۆر بۆ تێگەیاندن و بیرخستنەوەی شۆفێردکان هەندواســـرن و هەروەها تێکۆشانـــکی زۆر دەکرێ بۆ ئەوەی کرە ئانـــی خەڵك فێری ئەو ڕێوشوێنانە بکرێن کە بۆ سەلامەتی ئاشتی پێویستن ، هەر لەم هەفتەیەدا هەو ئەرکە کرانە نیشـــان دەدرێ کە پۆلیسی هاتوچۆ لە جەڕێی کاری ڕۆژانەی خۆیدابۆ یارمەتی هاونیشتمانیـــان و یاراستنی ئیانی ئەوان و دورخستنەوەیان لە کارەســـات بەجێ دەهێنێ •

لێخوڕینی هەمـــوو ئوتوموبیلێکی حکومـــەتی یا خەڵکی بەڕبرسیاریەکـــی گەورەیەو بەتایبەتی کاتیـــك ئوتوموبیلەکە مالی دەوڵەت بێ بەڕبرسیاریەکە گەورەتـــر دەبێ چونکە لە ڕاستیدا مالی هەمو گەلەو هەمـــووی ئەوترومبیلانە سامانێـــکی ئەتەوایەتی بێك دێنن کـــە حکومەتی شورش و حیزبـــە سەرکردەکەی پارتی بەعســـی عـــەرەبی سوشیالیســـت لەجێبەجێ کردنی پرۆژەکـــانی بەرەسەندنی ئەتەوایـــەتی و خزمەتی هاونیشتمانیـــاندا بشتی پێ دەبەستن • هەربۆیە پاراستنی ئەو ئوتوموبیلانـــە لەلایەن برا شۆفێرەکانەوە وەك پاراستنی مال و دارایی خۆیـــان پێویستە • لەبەر ئەوە دەبـــێ هەمیشە ئاگاداریان بکـــەن و هەر لەکارکەوتنێکی پچوکیش بەزوبی چارەسەر بکـــەن و بەهێمنی و بەتێبینی یەوە لـــێ بخوڕن و ئیتاعەتی اشارەکـــانی پۆلیسی هاتوچـــۆو اشـــارە کاربابیەکان بکەن • چونکە ئەوکارە بۆ پاراستنی گیـــانی هاونیشتمانیان و دورخســـتنەوەیان لە مەترسی زۆر گرنگە•

ئێمە لەکاتێکدا گرنـــگی ئەو مەسەلە بۆ برا شـــۆفێرەکانمان دوباتە دەکەینـــەوە دلنیابن کـــە هەســـت بـــە بەڕبرسیاری نیشـــتمانی و مرۆڤایەتی خۆیان دەکـــەن و پارێزکاری لەو ئەمانەتە دەکەن کە پێیان سپێرراوە •

لەبەرئەو ئامانـــج و مەبەستانەو بە بۆنەی داهاتنی فەسڵی زستانەوە کە بـــاران دەباری و مەترسی ڕودانـــی کارەساتی دڵتەزێن زۆرتـــرە ، هیوادارین بەوردی سەرنـــج بدەنە ئەم خاڵانەی خوارەوە :

• ڕێو شوێنە بنەڕەتییەکانی خۆپارێزین

١ ـ هەمو شۆفێرێك دەبێ لەکاتی وەکارخستنی ئوتوموبیلدا یاراگرتنی داو لە کاتی خێـــرا کـــردن و هێدی کردنـــەوەو بادانەوەو تێپەڕین دا بەئاشارەی دەست یا چرای ترومبیـــل شۆفیرەکانی تر وشیار بکاتەوە•

٢ـ بەئەواوی لەو شوێنانەی اشارەی وەستان دەبێـــن ڕابوەستن و هەروەها کاتیـــك دەیانەوێ لە کۆڵانەکانـــەوە بێنە سەر جادەی ئاســـتی ترومبیلەکەیان ڕابرن • تا ئەوکاتەی دڵنیادەبن لە ڕێـــگەیان چۆڵە تایبەتیـــج جۆر ترومبیلەکەیان بخەنەوەکار

٣ ـ دەبێ زۆر لە دەفـــی پێشمەوتن بکرن و ئەگەر هاتو شۆفیرێکی تریش ویستی دەفی پێشکەوتنی ئەوان پێشێل بکا دەبێ چاو لەمافی خۆیـــان بپۆشن چونکە کەمکی تـــر هەیە کە حیسابی نـــە و موخالەفەیان لەگەڵ بکا •

بە دو یاری ئەیباتەوە

بۆ ئەوانەی حەز لە کەشـــەکردنی هۆشیان ئەکەن ئـــەم نمـــونەی یاری شـــەترەنجە پێشکەش ئەکەین کە سێی بەدو یاری ئەیباتەوە !!

***

بە دو یاری ئەیباتەوە
چەند ئامۆژگاریەك بۆئەوانەی ئارەزوی شەترەنج ئەکەن ٠٠

- **لەکاتی رۆکی ٠٠ لـــەپێشا شا بگوێزەرەوە دوای ئەوە قەلا ٠**
- **دەستت لەهەر بەردێك دا بیگوێزەرەوە ٠**
- **بـــەوردی ســـەرنجی بەردەکان بدە لەناو خانەکاندا ٠**

Institut Kurde de Paris

لە شارەکانی ژوروی ولات عەمادیە گەورەکەی عەمادالدین زەنگی

عبدالوهاب عبدالباقی

ئامیدی یا عمادیە مێژوویەکی زۆر کۆن و دێرینی هەیە ، مێژوویەکی پڕلە کارەسات و روداوی گەورە گەورە ... لەساڵی ٥٣٧ کۆچی واتە لەساڵی ١١٤٢ی زایینـدا ٧٢٣ ساڵ لەمەوبەر عمادالدین زەنگی لەسەردەمی دەولەتی ئەتابەکیکاندا بنیاتی ناوە .. ئەو شارە بەگەلی دەوردا تێپەڕیوە کە بۆتە هۆی شێواندنی ئاسایشی نواچەی (جزیرە) ئەو شارە لەسەر ناوی دامەزرێنەرەکەی ناونراوە عمادیە .. شارەکە سەیرترو سەرەنجترینی شاری عیراق بوە ، چونکە بریتی بوە لەتاشە بەردێکی گەورە کە چواردەوری ناوو بێستانو سەوزایی بوەو دایەرەکانی میرنشینەکەو خانوبەرەی خەلکەکەی لەسەر بنیات نراوە .

چی لە بارەی سەری ئامیدی یەوە دەزانیت کە بەرزترین هاوینەهەواری ولاتەکەمانە لەرووی زەریاوە ؟!

لە رۆژانی هاوین زۆر لە دانیشتوانی خوارو ناوەندی عیراق و هەندێک لە ولاتانی عەرەب بەری ئەکا کە لە وەرزی هاوینا بۆ بشودان و سەیران رووئەکەنە ئەو هاوینەهەوارە .

عەمادیە ، ئەو ناوچە جوان و دلگیرەی - ناوچەی حوکمی ئۆتۆنۆمی .. پارچەیەکە لەو جێگە رازاوەو دلفرێنانەی کە هەرگیز دل لێی تێر نابێت . تا چاوبگێرێت بەو چیاو دۆڵو درەختو سەوزاییەیدا زیاتر ئەچێتە دلەوەو بیاو حەیرانی ئەبێت .. جوانی سروشتو رازاوەیی ئەو شارە تاقە خۆشیەک نییە کە دڵ بینۆشێ .. هەمو شتێک لەژێر سایەی شۆرشی ١٧ی تەمموزی نەتەوەیی سۆشیالیستیدا جوان دلفرێنە . هەمو شتێ ئەومان بیر ئەخاتەوە کە دەستێک بنیات ئەنێ و مێشکێک نەخشە ئەکێشێ و هیوایەکی نوێ خەریکە لەدایک ئەبێت .. عەمادیە لەلایەن شۆرشەوە بایەخێکی زۆری پێ دراوە بۆئەوەی لە شارێکی دواکەوتوەوە بگەیەنرێتە رێزەی شارێکی پێشکەوتوو جوان ، پاش ئەوەی کە حوکمی ئۆتۆنومی رەگی داکوتاو یاسای ژمارە (٩٠) دەرکرا بۆ جەسپاندنی سۆشیالیستی لە دیهاتەکاندا .. سەرەرای دامەزراندنی کۆمەلەی جوتیاران و هەرەوەزکاری کشتوکالی لەگەل ئەوەدا کە جوتیاران لەمەوبێش لەناو کۆمەلەی جوتیاراندا رێک نەخرابوون بەلام ئەمرۆکە هەمو بەدڵێکی پڕ لەهیواوە لەناو ئەو کۆمەلانەدا کار ئەکەن ئەویش دوای ئەوەی کە جوتیاران کەلکی لەو جۆرە کۆمەلانەی بۆ دەرکەوتوە .

ئاشکرا ترین روکەشی شارستانیتی رەسەنمان و پارێزگاری کردنی ئەو کەلەپورە پڕ لە هونەرو داهێنانەمان بەدرێژایی مێژوو پارێزگار کردنی لایەنە چاکە ئیجابیەکانی ئەو کەلەپورە بریتی یە لە چاودێری کردن و سەربەرشتی هاوینەهەوارەکانمان ، چونکە لەو شوێنەدا کەلێک هاوینە هەواری بەبایەخی تیدایە .. ئەوانیش بریتین .

١ - سۆلاف :- ئەویش ناوچەیەکە ئاوێکی بە تاقگەی تیانەروات بە تاقگەی سۆلاف لە (سو) ئاو و وە (لاف) تاقگە . ئەم شوێنە خواجوانیەکی لە سەنور بەدەری پێ بەخشیوە و جوانترینی هاوینەهەوارەکانی سەرجەمی عیراقە .. سۆلاف لە سەروی دەریاوە بەرزیکەی دەگاتە ١٢٧٦م ئەم هاوینەهەوارە تالێی وردبینەوە جوانی دیمەنەکانی و ئاوی سازگاری زیاتر دڵمەسەت ئەکات ..

٢ سەری عەمادیە :- ٢٧ کیلومەترە لە هاوینە هەواری سەرسەنگەوە دورە بەرزایی لەروی دەریاوە خۆی ئەدات لە ١٩٨٥م شوێنکی بەرزو خۆشە هەواکەی ساف و قینکە دیمەنی جوان و دلفرێنی زۆرە ، دەزگای گەشت و هاوینە هەوارەکان بایەخی بەم هاوینەهەوارە داوە بەودی ئەلێک گازێوو ئوتیلی تیادا دروست کردوە .



وێنە

● بەبۆنەی ئەو چالاکی یانەی دژی جگەرەکێشان دەستی پێ کراوەو ئەو عەنگاوانەی هەموو ولاتانی جیهان بۆ بەربەستی ئەم دەردوبەلایەی بۆتە مودەی هاوچەرخ ، ناویانە ، چیرۆکی ئەو کابرا بەدبەختەی ولاتی ئەسکیەو م بیر ئەکەوتەوە ، کە وا بۆنانی ئەگێڕمەوە :

- وا ئەگێڕنەوە ، خێزانێک لە چولەوانیەکی ئەو ولاتەی کە عەمیشەو بە درێژایی رۆژانی ساڵ بە بەفر داپۆشراوە ، ژن ئەبێ ، جاواش باوە هەر دەستەو کۆمەڵی بزرین و رێکایان لێ تێک بچێ یەنا ئەبەنە بەر نزیکترین کوختە کە بە ئەلاشە سەهۆلی گەورە دروستی ئەکەن و ئەچنە ناوی و چاوەرێی ئەوە ئەکەن رێبواری بیسان دۆزێتەوە ، یان خوا دەروویەکیان لێ بکاتەوەو بکەرێتەوە بۆ شوێنی خۆیان ، جا زۆر جار رۆژان یەت و نەروات و هیچ روونادا و هەندێکیان ئەمرن و ئەوسا زیندوەکان ، لەبرسا مردوەکان ئەخۆن ! جا ئەو خێزانەی ئێمە باسیان ئەکەین وایان بەسەرهات ، دوای رابوردنی دوو هەفتەی برسیەتی و سەرماو نیمونیەتی یەکێک رێی گەوتەلایان ، ئەوسا هەموو لە گیانە لادابون و ئە بەینی مردن و ژیانا بەک کەوتە بوون ... زیبوارەکە لایەنە لێپرسراوەکانی رزگار کردنی ئەو جۆرە کەسانەی ئامادار کردو ئەوانیش کەوتنە خۆیان و کالیسکەی خلیسکانەو خواردنیان کەیاندە خێزانە لێ قەوماوەکە ، کە خواردنەکەیان گەیاندە لایان ، بۆ ئەوەی لە برسیەتی چەند رۆژێ رابوردوو رزگاریان کەن کەچی گەورەی خێزانەکە بەدەست ئیشارەتی کردو داوای جگەرەی کردو ئەیویست ئەو خواردنە خۆشە بخوات ... سەرەرای ئەوەی ئەوەندەی برسی بوو .. لەگیانە لادابوو ... ئەمە .. « نوکتەیەکی » غەماوی بوو ... ئەو کاتە .. کاربەدەستانی هێنایە پێکەنین و ... یەک بەسەرسامیەوە سەیری یەکیان ئەکرد .

- بدریە ... -

باسمان لە (سپری) بیارێزین

ئایا کونەکانی ئاسمان بڕشێنین ؟

رۆژ نییە کە بە ملیون - سپری - پەمپی مێش کوژی تەمومژاوی لە چیهاندا بەکار نەهێنرێ .. ئایا ئەو تازەی لیوەی دێتەدەرەوە ئەو هەواو ئاسمانە پیش ئەکات کە نیمە لە ژیان و مانەوەماندا پشتی پێ ئەبەستین ؟!!

لەم دواییەدا چەند زانایەکی ئەمەریکا لە راپۆرتێکدا بە توندی خەلکیان لەم بارەیەوە ئاگادار کردۆتەوە ، وە پێشبینیان کردوە کە ئەو ملیونەها پەمپە مێش کوژەی رۆژانە بەکار ئەهێنرێ ئەو هەواو ئاسمانە پیس ئەکات کە لەپاراستنی ژیانماندا پشتی پێ ئەبەستین .

کەواتا ئاسمان (چەو)یە ؟ و چۆن ژیانمان دوچاری مەترسی ئەبێت کە ئەو ئاسمانە پیس بوو ؟!

(چەو) ئاسمان پێش هەزاران ملیون ساڵ دروست بووە ، کاتێ پارچە مادەی داگیرساوی (تواوە) دەستیان بەمەیینو رەق بوون کرد ، زەوی دروست بوو ، وە گازی لیوە هاتەدەرەوە ، ئەم گازانەش لە بەرزایی چەند میلێکەوە بەتەواوەتی دەورو ئابلۆقەی زەوی یاندا .

ئەو تێبینیانەی کەشتی یە ئاسمانی یەکان تۆماریان کردوە ساغی ئەکەنەوە کە (چەو) بۆ بەرزایی چەند میلێک لەسەر زەوی یەوە درێژ ئەبێتەوە ... هەرچەندەش لە زەوی یەوە بەرزببینەوە ئەوەندە بارستایی (چەو) کەم ئەبێتەوە .

ئۆکسجین بۆ هەناسەدان پێویستەو یارمەتی ماتەوەمان ئەدات .. هەتا لە زەویش دورکەو ینەوە بەرەو سەرەوە بەرزببینەوە ئەوەندە ئۆکسجین کەم ئەبێتەوە ... هەموو هەوڵدانێک بۆ پس کردن و کەم کردنەوەی ئۆکسجین ئەتەللادانە بۆ بەربەست کردنی هەناسەدان وە مردنی ئەوانەی کە هێنێتەدی ناگر بەبێ ئۆکسجین داناگیرسێ ... سوتانی سوتەمەنیش بەهۆی یەکگرتنی ئۆکسجین و کاربۆنەوەیە کە لە سوتەمەنی دا هەیە . ئەو سوتەمەنی یەش کە لە کەشتی یە ئاسمانیەکاندا بەکار ئەهێنرێ کە بە دەرەوەی سنوری چەودا ئەڕۆن بەهۆی ئەو ئۆکسجینەوە ئەسوتێ کە لە کەشتیەکە هەلگیراوەو یارمەتی کاربن کردنی مەکینەکە ئەدات . ئێمە ناتوانین ماوەیەکی زۆر تەنیا ئۆکسجینی پاک و روت هەلمژین .. ئەو ئاگرەش کە لە ئۆکسجینی پاک و روتدا ئەسوتێ زۆر گەرمەو بە خێرایەکی لە ئەندازەبەدەر ئەسوتێ ..

نیترۆجین مادەیەکی کاریگەر نییەو کاری سوتاندن سست ئەکاتەوە واتە کاری یەکگرتنی مادە لەگەل ئۆکسجین هیواش ئەکات ... ئەم گازەش لەکاتی سوتانی سوتەمەنی دا دروست ئەبێت ، نیترۆجین مادەیەکی بنچینەیی بۆرووان و شین بوونی درەخت چونکە زەوی بەپێز ئەکات ... کیمیاییەکان بۆ دروست کردنی پەینی دەستکرد نیترۆجین بەکار ئەهێنن . جا بۆیە ئەمانی نیترۆجین لەچەودا شتێکی ترسناکە سەبارەت بە رەگەزی نادەمیزاد ، هەروەها بەرادەی ٠٫٠٣٪ گازی دووەمی ئۆکسیدی کاربون لە چەودا هەیە ئەمیش هەروەک نیترۆجین گازێکی گرنگە بۆ ڕوانی درەخت . لە (سو) ئاو وە (لاف) تاقگە . ئەم شوێنە خواجوانیەکی لە سەنور بەدەری پێ بەخشیوە و جوانترینی هاوینەهەوارەکانی سەرجەمی عیراقە .. سۆلاف لە سەروی دەریاوە بەرزیکەی دەگاتە ١٢٧٦م ئەم هاوینەهەوارە تالێی وردبینەوە جوانی دیمەنەکانی و ئاوی سازگاری زیاتر دڵمەسەت ئەکات ..

٢ سەری عەمادیە :- ٢٧ کیلومەترە لە هاوینە هەواری سەرسەنگەوە دورە بەرزایی لەروی دەریاوە خۆی ئەدات لە ١٩٨٥م شوێنکی بەرزو خۆشە هەواکەی ساف و قینکە دیمەنی جوان و دلفرێنی زۆرە ، دەزگای گەشت و هاوینە هەوارەکان بایەخی بەم هاوینەهەوارە داوە بەودی ئەلێک گازێوو ئوتیلی تیادا دروست کردوە .

ئەو گازەی کە لە دەرەوەی ئۆکسیدی کاربۆن لە سوتەمەنی دا دروست ئەبێت کە بەرزترین هاوینەهەوارەکانی ولاتەکەمانە لەرووی زەریاوە ؟!

دەرەخت تازی دووەمی ئۆکسیدی کاربۆن لە هەواوە وەرئەگرێ و خۆراکی لێ دروست ئەکات ئەمەش بەهۆی (تەرکیبی تیشکی یەوە) ئەبێت ... کارەکەی ترى چەو ئەوەیە رێگا نادات ئەو شتانەی لەسەر زەوی هەن بسوتێن و ببن بە خۆلەمیش .. سەر رووی رۆژ بە گەرماییەکی زۆر ئەسوتێ و داگیر ساوە هەندێک لەو گەرماییە کەم ئەبێتەوە تاوەکو ئەگاتە سەرزەوی بەلام ئەو گەرماییەی ئەمێنێتەوە بەسە بۆ سوتاندن و داگیرساندنی هەموو گیان لەبەرو وشک کردنەوەی روبارو زێ و دەریاکان و بۆئەوەی ئەم دنیایەمان لێ بکات بە پارچە بەردێکی رەق و سەختی داگیرساو . ئەو توێژانەی چەو کە دەوری زەوی یان داوە ئەتوانن بەشێکی زۆری گەرمای رۆژ هەلمژن ... لەبەر ئەمە ئەو گەرماییەی ئەمانگاتێ ئازارمان نادات و زیان یەخش نییە هەروەها جەو بەرامبەریی و هاوکێشەیی و پارسەنگی نێوان ئەوبەری گەرماو سەرمای سەرزەوی ئەپارێزێ .. جەویش بۆ پاراستنی ئێمە ئەوە ئەکات و لەم کارەیدا لەرووی ئەو خانوە شوشەیە ئەچێ کە ئەباتی تیا ئەپارێزێ .

ئاسمان ، هەروەک خانوی شوشەی پاراستنی ئەبات . کۆزانی گەرمایی سەختی نێوان شەوو رۆژو نێوان هاوین و زستان کەم ئەکاتەوە ئەو گەرمایەی خۆر ئەیداتەوە بە رۆژ بە توێکلی جەودا تێ ئەپەڕێ و رووی زەوی گەرم ئەکاتەوە . بەلام لە شەودا بەهۆی توێژەکانی جەو رێگای هاتنی زۆرترین گەرمی ئەگیرێ و ئەو گەرمایە لەسەرخۆو بە هێواشی ئەنیا بۆ ئەو ئاسمان (فضاء) ئەکشێ . خۆ ئەگەر ئەم هەموو گەرماییە بکشابایە ئەوا جیهان لەشەودا زۆر لە قوتبەکان ساردتر ئەبوو ..

لە بەرزایی ١٤ کیلومەترە لە سەرروی زەوی یەوە کە زن ئۆزۆن لە جەودا هەیە .

ئەم توێژە زۆربەی زۆری ئەو تیشکە لە سەروبنەوشەییە ئەتێرێتەوە کە لە خۆرەوە دێت . ئەو ئەگەر هەموو ئەو تیشکە سەرو بنەوشەییە بدایە ئەوا ئەسوتاین . توێژی ئۆزۆن زۆر بەوردی هاوکێشەو بە رامبەرە ، ئەمەش وای لە زانا کان کردوە بڵێن « پەمپی مێش کوژ - سپری » ئەم توێژە لاوازانەکاتو ئەگەر هەر زیان بە ژیان ئەگەیەنێ بەلکو لەوانەیە لەناوی بەرێن .

پەمپی مێش کوژ بەهۆی گازی (فریون)ەوە بە بالە بەستێ یەکی زۆر لە لولەکاندا دێتەدەرەوە . ئەو زانایانەی بەکارهێنانی پەمپی مێش کوژ تاوانبار ئەکەن ئەلێن : گازی فریون لەگەل ئۆزۆن یەک ئەگرێ و ئۆزۆنەکە لاوازی ئەکات .. وە ئەلێن : بەردەوام بوونی ئەمە بە بێ دیاری کردن و زادەدانان ئەبێتە هۆی دزین و کشانی تیشکێکی زۆری (سەروبنەوشەیی) بەرەو توێژی جەو . هەندێ زانای تر ئەیسەلمێنن کە ئەو ئۆزۆنەی لە توێژی جەودا هەیە ئەتوانی بۆ ملیونەها ساڵ لە مەترسی و کارتێکردنی تیشکی سەرو بنەوشەییەوە بمانپارێزێ .

توێژی جەو جێگای بەربەستی کردنی دلسۆزانەی ئەو تیشکە گەردونی یانەی گرتوە کە لە ئاسمانی دەرەوەوە ئەمانگەنێ ... خۆ ئەگەر ئەو تیشکە بەهێزو تێرو خەست بێت ئەوا هەموو ئەوشتانە ئەکوژێت کە لەسەر زەوی هەن . بۆ باشی ، جەو زوربەی ئەم تیشکە گەردونی یانە ئەمژێ و ئەوەی ئەگاتە زەوی و ئەمێنێتەوە زیادبەخش و ئازاردەر نییە .

هەموو رۆژێ بەملیون (ئەیزەکی) بچوک لە ئاسمانەوە بەرەو زەوی ئەکشین ... خۆ ئەگەر ئەم هەموو ئەیزەکانە بەربببونایەوە بۆ سەرزەوی ئەوا زەوی ئەکەوتە ژێر کۆز و کۆمەلە ئەبوتوزێکی ئەستوری ئەم ئەیزەکانە .

ئەم ئەیزەکانە پێش ئەوەی بگەنە سەرروی زەوی بەر توێژی جەو ئەکەون و ئەبن کازو تەپوتۆز .

ئەگەر توێژی جەو نەبوایە ئاسمانی سەرزەوی رەش دیار ئەبوو . وردیلەکانی گازو تەپوتۆز تیشکی خۆر ئەکەن بە چەند رەنگێکەوەو بە توێژی نیوەرۆ رەنگی ئاسمان شین ئەکەن و رەنگی خۆرهەلات و خۆرئاوابوونمان بۆ ئەبەخشن .

لەکۆتایی دا ئایا هەقمان نییە قەناعەت بەوە بهێنین کە ئەو گازەی لە پەمپی مێش کوژەوە دێتەدەرەوە توێژی ئۆزۆن لاوازئەکاتو ئەرکەکەی لە پالاوتنی تیشکە ئوشندەی خۆر - تیشکی سەروبنەوشەیی - لەناو ئەبات و ئەبێتە هۆی یەکی هەرەشەکەر لە ژیانی نادەمیزاد لەسەر زەمین .

وەرگێر : حمید عزیز

Institut Kurde de Paris

خەبات لەروی ئاوەدانی و کشت و کاڵەوە

شێرزاد عبدالرحمن
بەڕێوەبەری هاوکاری لە هەولێر

بە دوورایی ٣٥ کیلۆمەتر لە پارێزگای هەولێر ناوچەیەکی بەپێتی کشتوکاڵی بەدی دەکرێ کە ئەویش ناحیەی(خەبات)ی ئێستاو «کەلەک»ی جارانە • ئەم ناحیەیە بە سەرەرای جوانی دیمەنوقەشەنگی روبارەهێمنەکەی ، بە مەنبەندێکی هەرە پڕ بایەخی کشتوکاڵی دانەنرێو لەم دووایییەدا تاقی کردنەوەیەکی نازەو گۆڕانێکی بنەڕەتی بەخۆیەوە دیوە • بۆ ئەم گۆڕینەوەیەکی ووردتر ، بەپێویستمان زانی کەشتێکی تایبەتی بکەینە ناوچەی«خەبات» لە تازەترین شێوەدا پێش کەش بە خوێنەران بکەین • ئەوەی ڕاستی بێ ، ئەمڕۆ چەند پرۆژەیەکی نوێی کشتوکاڵ و ناوەدان بوونەوەیەکی بەردەوام لە سەراپای ڕووەکانی « خەبات »دا بەدی ئەکرێ ،کە ئێمە چاوەڕوانی ئەکەین ••

لەو سەردانەدا ، چاومان کەوت بە بەڕێز بەڕێوبەری ناحیەکە مامۆستا « ڕەوف فخری » وتەواوی پرۆژەو هەنگاوەکانی ناحیەکەی بۆ باس کردین لەگەڵ پێداویستە تازەکانیو ووتی :

وەکو ئاشکرایە ناحیەی « خەبات » ناوچەیەکی کشتوکاڵی یەجگار بە پیتەو بایەخێکی تایبەتی خۆی هەیە لە بارەی ئاوەدان بوونەوە • ئەوەی کە ئەم ناوچەیە لەگەڵ ناوچەکانی ترمان جیا ئەکاتەوە ئەوەیە ، کە ئەم هەرێمە هەریمێکی ئاویەو مەسەلەی کشتوکالیش پەیوەندی ئاو ناتوانرێ کاروبارە تازەکانی خۆی ئەنجام بدا • ئێمە سوودێکی زۆرو زەوەندمان لەم شێوێنە سترانیجیی یەوەرگرتووەو لەکەلێک بەروبومی هاوین بەکاری ئەهێنین سەرەرای ئەوە « خەبات » زەویو زارێکی پوختی هەیەو بەرو بومێکی نایابی لێ دەست بەرهەم • وەهەروەها ناوچەکە دارستانێکی زۆری گرتۆتە باوەش کە سوودێکی زۆر لە بڕینەوەی دارەکانی وەرنەگیرێ ویارمەتی خۆشی ئاوو هەوای ئەم هەرێمە ئەدات • لەبارەی ئاوەدان بونەوەش لەم دووایییەدا پرۆژەیەکی زۆر خەریکە جێبەجێ بکرێو ناوچەکە بەرگی گۆڕانێکی نوێی بەخۆیەوە دیوە • کردنەوەی (ئامۆژگای کشتوکاڵی هونەری) لەم ساڵەدا پاشە ڕۆژێکی قەشەنگی هەیە لە بەرەی پەروەردەکردنی کادیری زیرەکی کشتوکاڵی ونیشاندانی ڕێڕەوێکی زانستیانە بۆ بەرەپێدانی کشتوکاڵ •

لە پاشان بەڕێز بەڕێوەبەری ناحیەکە دەستی کرد بە خوێندنەوەی ژمارەی ئەو خانوانەی پێش کەش بە جوتیاران کراوە لە پێناوی مسۆگەر کردنی ژیانێکی جوتیارانو ناسۆی پاشە ڕۆژیانو ووتی :

لەسەر ڕێڕەوی تازەی شۆڕشی هەڵوێستی مرۆڤانەی چەنەمەل خانوی ڕێکو پێک پێش کەش بە جوتیاران کراوە ، بۆ ئەوەی جوتیاری ئەمڕۆ بەبێ کیروکرفت بژی ، ئەوەتا (٥٠٠) خانووی بە بەردو چیمەنتۆو کارەباوە بۆ دەی (هەنجیرۆك) دروست کراوە• وە هەروەها «٧٠٠» خانووی تریش بۆ گوندی (سێ بەندانی کەورە)و پتر لە«٤٠٠» خانووش بۆ جوتیارانی « کانی قرزالە » • سەرەڕای ئەمانە چەندەها خانووی تر بۆ فەرمانبەرانی ناحیەکەو دەورو پشتی بنیات نراوە • بەمەش ئەوەستاوینو پرۆژەیەکی تایبەتی ناودێریمان کردۆتەوەو دەستمان کرد بە ئەواو بوونی شارەوانیەکی تازەو بەدالەو پۆستەیەك جگە لە قوتابخانە یەکی ئامادەیی کشتوکاڵی •

وە هەروەها لە گوندەکانی دەورو پشتی ناحیەکە گەلێك خانومان دروست کردووە بۆ حەسانەوەی مامۆستایان ، وەکو گوندەکانی (خەرابە)و (سەیدان)و (کەور کۆسك)و (ئیفراز) • وە لە بەر ئەوەی ئەم ناوچەیە بەهاران ئاوو هەوایەکی هەتا بڵێی سازگاری هەیەو زۆربەی هاوینە خۆرەکان رووەمان تێئەکەن ، بڕیارمان‌دا بۆ دروست کردنی چەند کازینۆیەکی تری سیاحیو چەند ئوتیلێك •

لەم قسانە دابووین ، دوو جوتیار خۆیان خستە ژوورەوەو باسی دابەش بوونی زەوی وزاریان کرد ، وادیاربوو یەکێکیان (٥٠) دۆنمی وەرگرتبوو داوای زیاتریشی نەکرد ! بەوبۆنەوە بایەخی یاسای ژمارە (٩٠) هاتە گۆڕێو بەڕێوەبەری ناحیەکە هاتەوە دوانو ووتی :

یاساکە ، وەك لە ناوەرۆکەکانی دیارە لایەڕەیەکی تازەی کردەوە لەمێژووو ئاسۆی پاشە ڕۆژی جوتیارو هێنانە دی ئەو خەونەی جوتیاری ئەمڕۆ خەونی پێوە ئەبینی •• « خەبات »یش وەك ناوچەیەکی بەپێت سوودێکی زۆری لەم بارەیەوە وەرگرتووە لە بارەی زەوی وزارەوەش یاساکە گۆڕانێکی بنەڕەتی بوو لەم وولاتە • جوتیاری ئەمڕۆ ، زۆر ئاسودەو ڕەزامەند بووە بەرامبەر بەو بەشەی پێی دراوەو چاك ئەزانێ وەفای شۆڕش سنووری بۆ نیە •

کاروبارەکانی ئەم قوتابخانە پیشەییەمان کرد ، لە سەرەتای دووانەکەدا بەڕێز « صدیق محمود »ی بەڕێوەبەر ووتی :

ئامادەییە پیشەییەکان هۆیەکی بنەڕەتی یە بۆ بەرز بوونەوەی رادەی ئابووری لەم وولاتەدا ، بەتایبەتی دەربارەی پێگەیاندنی کادیری شارەزای پیشەیی • ئەم ئامادەییەش بەکوێرەی توانا و بواری خۆی توانیویەتی ژمارە یەکی زۆر لە کادیری هونەری پێ بگەیەنێت تاکو بتوانن لە دامەزراوە ئابوریەکانی تری وولات ئیش بکەن •

ئەنجا مامۆستای بەڕێوەبەر لە گۆڕانو پێویستی‌یەکانی تری قوتابخانەکە دووا ووتی :

بەپێی کۆڕانەکانی تری قۆناغی ئێستا ، دەستمان کرد بە موناقەشەی پێویستی‌یەکان وەك هەموو دەزگایەکی تری وولات ، کەورەترین ئەرکی ئێمە لەبەردەم ئەو هەنگاوانەی ئەمڕۆ لە هەموو بارێکی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌دا بەدی ئەکرێ ، هەوڵدانە بۆ زیاد کردنی رادەی بەرهەم هێنان‌و ئەم ساڵ قوتابیەکی زۆر ترمان وەرگرت کە لە ئەنجاما دەبێتە هۆی زیاد بوونی بەرهەم • وە هەروەها هەوڵی ئەوە ئەدەین هەموو جۆرە ڕێگایەکی نوێی هونەری بەکار بێنین ، وە بەشێوەیەکی پیشەیی هەوڵمان داوە قوتابیەکان لە سەر ئامێری تازەی کشتوکاڵی رابێنین ،وە ئێستاکە رووبەرێکی زۆرو زەوەندمان هەیە بۆ چاندنی بەرو بومە هەمە چەشنەکانی کشتوکاڵ کە خۆی ئەداتە « ١٢٦٨ » دۆنم • لێرەدا با کەمێك ووردتر بینەوەو سەرنجێك بدەینە ئەو کۆڕانەی لەسای شۆڕشە وە فادارکەمان هاتۆتە کایەوە : ساڵی ١٩٧٦ تەنها (٢٩٠) دۆنم لەو زەوی وزارە بەکار هێنترابو بۆ چاندن ، کەچی ئێستاکە بستێك لەم زەویە نەماوە سوودی لێ وەرنەگیرابێ لەبەر ئەوە چونکە شانازیە بەرامبەر بەو دروشمە « زەوی بۆ ئەو کەسەیە ئەی چینێ » لەبەر ئەوە ، بەوپەڕی ماندووبون ئیش ئەکات ، وە ئیش کردنی لە شەرەفی راستەقینەی خۆی جیاناکاتەوە کەمترین زەوی کە ئەمڕۆ بەشی جوتیار کەوتبێ « ٥٠ » دۆنمە • ناحیەکەمان بۆ دروستی کارو بارەکانی (٨) کۆمەڵی هەرەوەزی کرۆنەوەو هەریە کەیان رۆڵی تایبەتی خۆیان دەبێنن لەبارەی پێشکەوتن وزیاد کردنی رادەی بەرهەم هێنان • هەروەها نیاز وایە بەم نزیکانە دەست بکرێ بە دروست بوونی چەند پرۆژەیەکی نوێ بۆ ئاژەڵ ، سەرباری ئەوەی کە پرۆژەیەکی یەجگار گەورە هەیە بەناوی « ئێستگەی پەروەردەکردنی ئاژەڵ » کە پتر لە پانزە بەش پێك هاتووە ، وە هەر بەشێکیان بەروبومی تایبەتی خۆی هەیە ، شایانی باسە کە پرۆژەکە یەکێکە لە گەورەترین پرۆژەکانی عیراق•

بەسوپاسەوە بەرێز بەڕێوەبەری ناحیەکەمان جێ هێشتو رووەمان‌کردە بەڕێوەبەرایەتی‌و قوتابخانەکانی تری « خەبات » •• لە هەموو شتێ زیاتر بینایەکی گەورە سەرنجی ڕاکێشاین ، کە بریتی‌یە لە « قوتابخانەی ئامادەیی کشتوکاڵ » ، لە سەردانێکی قوتابخانە کە لەگەڵ بەڕێز بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی کۆبوونەوەو باسی وەرادەی سەرکەوتنمان لە چاندنی ئەو بەرهەمانە ڕێژەی دەست هێناوە •• وە قوتابخانەکە چاوەڕوانی پاشە ڕۆژێکی گەشترە • وە بۆ لێکۆلینەوەی « هەنگوین دروست بوون»، کە لەقوتابخانە کەدا قوتابیان‌و مامۆستایان بۆی هەڵئەستن ، سەرمان دایە ئەو بەشەو بینیمان چەند قوتابیەك خەریکی ئەو کارە بوون ، قوتابیەك ووتی : دوو جۆرە شانەی مێش هەنگوین لە قوتابخانە کەماندا هەیە ، یەکەمیان خۆمالی‌یەو ئەوەی تریشیان (بەلەدی‌یە) ، هەروەها چەند شانەیەك بۆ مێش هەنگوین هەیە ، کە هەموو ڕۆژێك تاقی ئەکرێنەوە وچۆنیەتی باری ژیانی مێشەکان دەپشکێنرێو لەپاشان سوودێکی زۆر لەو بەرهەمە وەردەگیرێ •

لە کۆتایی نوێمەمان وایە « خەبات » وەك شوێنێکی بە بایەخو ستراتیجی ، زیاتر بایەخی پێ بدرێ وچاوەڕوانی هاتنە کایەوەی پێویستی‌یەکانی تری هاووڵاتیەکانین بەتایبەتی ئەوانەی لە گەرمای هاوینەدا بۆ هاوینە هەوارەکان دەچن •

مامۆستا ڕەوف فخری
مدیری ناحیەی خەبات

مامۆستا صدیق محمد
مدیری اعدادیەی کشتوکاڵی هەولێر

هەڵبەندی مەشق کردنی کاروباری نەوت

شۆڕش هەر لە سەرەتای یەکەم ڕۆژیەوە بایەخی داوەتە پەرەپێدانی بناغەکانی پیشەسازی نەوت بەچەشنێك لەگەڵ ئامانجەکانی ئەڵ‌وناسۆی پەرەسەندنی ئابووری نیشتمانی‌دا بگونجێت هەروەهاالەگەڵ ئەو دەورەی کەرتی نەوت لەواندا هەیەتی • لەم بارەیەوە ڕێڕەوی لەسەرخۆو ڕاستەقینە دەستی پێکرد بۆ ئازاد کردنی سامانی نەوتو بەکارهێنانی لە پەرە پێ دانی کاروباری پەرەسەندنو تەشە کردن‌دا ، بۆ گومان یەکێك لەنیشانەکانی ئەو ڕێڕەوە، تێکۆشانی بەردەوام بۆ وولەپێناوی پەروەردەکردنو ئامادەکردنی کادیری نیشتمانی‌لە مەیانەکانی پیشەسازی نەوت‌دا، چە لە کادیرە بەرزەکان‌یان ئامناوەندیەکان یاخود کرێکارە چالاکو تەکنیکییەکان، گرنگ ترین هۆیش کە دەبێتە هۆی دروست کردنی کادیرە تەکنیکییەکان مەڵبەندی مەشق کردنی کاروباری نەوتە •

دەربارەی دەورتێرانی مەڵبەندەکە بەڕێز (نعمان توفیق محمد علی) بەڕێوەبەری مەڵبەندی مەشق‌کردنی کاروباری نەوت دەڵێت :

لە سەرەتای دامەزراندنی مەڵبەندەکەوە ئەرکی ئامادە کردنی کادیرەکانی نەوتی بێ ئەسپێررا بوو •• ئەوەبوو وەزارەتی پیشەسازی مەڵبەندێکی مەشق کردنی تایبەتی‌ی دامەزراندبوو بەناوی ـ مەڵبەندی مەشق کردنی پیشەیی‌ـەوە بۆ ئامادەکردنی کادیری پیشەیی تەکنیکی‌ی مەشق پێ‌کراو ، بەڵام لەلایەن ئەنجوومەنی ئەخشە دانانەوە بڕیارێك درا بەرەپێدانێکی جۆری‌ی خستە ئەم مەڵبەندەوەو لەم بوارەوە گونزایەوە بۆ بوارێکی‌تر ، کە بواری ئەوتە ، لە ساڵی ١٩٧٠دا ، ئەم مەڵبەندە درایە ئەسەت

بەڕێوەبەری مەڵبەندەکە کورتەی ئەرکو ئامانجەکانی مەڵبەندی نەوت وا باس‌دەکات کە پێویستی‌یەکانی بەرەپێدانی ئابوری‌یە بەتایبەتی لە بواری پیشەسازی نەوتدا •• ئاشکراترین ئامانجەکانیش ئەمانەی خوارەوەن :

١ ـ ئامادەکردنی کادیری تەکنیکی‌ی پێویست لە جۆرەها پسپۆڕایەتی‌و مەیانی پیشەسازی‌ی نەوت‌دا بۆ بڕکردنەوەی پێویستیەکانی کومپانیای نەوتی نیشتمانی‌و دەزگاکانی تری پیشەسازی‌و شتانەی لە ئامێرو نامرازو پسپۆری تەکنیکی هەمووی بۆ مەشق پێ‌کراوەکان ئامادە کراون •

دامەزراوەکانی یەکێتی سۆفیەت یارمەتی مەڵبەندە کەیان داوە بۆ وەرگرتنی ئەو شتانەی کە بوونە هۆی ئەوەی دەرگای مەڵبەندەکە بخرێتە سەرپشتو لە ١٥ـ١ـ١٩٧٢دا دەست بکرێتە خوێندنو مەشق پێ‌کردن •

بەڕێز نعمان توفیق کومپانیای نەوتی نیشتمانی ، بۆئەوەی پێویستی‌ی کومپانیاکە لە کادیرە پسپۆڕەکانی نەوت پڕبکاتەوە •

بەڕێز بەڕێوەبەری مەڵبەندەکە لەسەری دەڕۆات‌و دەڵێت :

هەر لەسەرەتاوە کومپانیای نەوتی نیشتمانی‌ی عیراق هەوڵی ئەوەی دا ئەم مەڵبەندە بە ئەندازیارە پسپۆڕەکان و بەڕێوەبەرەکان متوربە بکات بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو ئەرکەی پێی‌سپێرراوە لە بواری ئامادەکردنی کادیری تەکنیکی داواکراودا بەجێ بهێنێت ،ئەمە وای‌کرد کە مەڵبەندەکە ببێتە نوێ‌ترین مەڵبەندی مەشق‌کردن لەك هەر لە عیراق‌دا ، بەڵکوو لە هەموو وولاتانی عەرەب‌و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەرهەم هێنەری نەوت‌دا چونکە ئەو

بەڕێز نعمان توفیق دەزگای گانەکانی نیشتمانی‌و بەرزەوەندی‌ی باڵاوتنی نەوت•

٢ ـ بەشداری کردنی پترکردنی زانیاری‌ی کادیرە تەکنیکیەکان‌و پێشخستنی توانای بەرهەم هێنانیان ، لە ڕێگەی مەشق کردنی ئەو تەکنیکیانەی لە جۆرها ڕێکارو پسپۆڕیدان کەسەربە کومپانیاو دەزگاکانی تری نەوتن هەروەها لە بواری کەڕان‌و پشکنین بەدوای گانەکانی تردا •

٣ ـ دابین‌کردنی پێویستیە کانی دەزگاکانی وەزارەتی پیشەسازی‌و کانەکان لە پسپۆڕایەتی‌ی ئەو کادیرە تەکنیکیەی کە لە مەڵبەندەکەدا هەن دوای خستنە پێش چاوی ئەوەی کە پێویستە پێویستیەکانی کەرتی نەوت لە پێشەوەی هەموویانەوە بێت •

٤ ـ کاروباری مەشق کردنی کردووەتە بەشێك لە کاروباری بەرهەم‌هێنان لەپێناوی وەدەست خستنی هەندێك نامرازو نامێرو پێویستیانەی دەزگا جۆراوجۆرەکانی کەرتی نەوت پێویستیان پێیەتی •

٥ـ پێشکەش‌کردنی هەندێك خزمەت کوزاری‌ی تەکنیکی بۆ دایرەو دەزگاکانی کەرتی نەوت‌و هەندێك دەزگای‌تری پیشەسازی ئەوەش هەر لە چوارچێوەی بڕۆگرامەکانی مەشق پێ‌کردن‌دا جێبەجێ دەکرێت •

ئەم هەموو ئامانجەیێکەوە ئێستا کۆڵەکەی کارگوزاری‌ی بەردەوامی نێو ئەم مەڵبەندی مەشق‌پێ‌کردنە گرنگەیەن •

ئەم مەڵبەندە بۆ ئەو دامەزراوە تا وەکوو بەشداری‌ی کاروباری بنیادنانی‌کۆمەڵایەتی‌و ئابووری بکات ••لەگەڵ ئەوەی مەڵبەندەکە هێشتاکە ئوێیە بەڵام ئەو ئەنجامە باشانەی بەدەستەوەداون ڕەنگ دانەوەی ڕاستەقینانەی ئەو سیاسەتە ڕوونەیەن کە لە ئامادەکردنی کادیرە تەکنیکییەکاندا بەیرەو دەکرێت ، ئەم ڕەنگدانەوەش بەشێکە لە خۆئامادە کردنی زۆر پێویست بۆ قۆناغی بەرەسەندنی ڕاستەقینە •

لەمەڵبەندی مەشق‌کردنی کاروباری نەوت‌دا ئیش‌وکار بەگوترەی پێویستی‌ی کارو پێویستی‌ی کاری تەکنیکی‌یەوە ڕێك‌خراوە •

١ ـ لقی نەوت •
٢ ـ لقی کیمیا •
٣ ـ لقی کارەبا •
٤ ـ لقی میکانیك •

هەر بەشێك لەم بەشانە کارکەی مەشق‌کردنی تایبەتی‌ی خۆی هەیە وەك کارکەی رادیۆ، کارکەی ئامێرە ووردەکانو میکانیکی ئامرازی بیرهەڵکەندن کارکەی بەڕادە ، بیرهەڵکەندن بەرهەم هێنانو پشکنینی بیرەکان ، دامەزراندنی شت‌ومەکی کارەبایی ، لەحیم کردن بەکارەباو ئۆتۆموبیلو تراکتۆر ••

هەروەها مەڵبەندەکە بریتی‌یە لە شازدە هۆڵی موحازەراتو دەرس ووتنەوە • هەموو هۆیەکی ڕوون کردنەوەیان تێدایە جگە لەوەی کە هۆڵەکان بەجۆرێك دروست‌کراون لەگەڵ پێویستی‌ی دەرس ووتنەوەی وتنەکێشانی ئەندەزایی ، تەکنەلۆجیای کانەکان ،میکانیك بیر هەڵکەندن ، کارەبای کشتی ، تەکنەلۆجیای کارەبای تایبەتی ، چاکەکردنەوەی شت‌ومەکی کارەبای ، بەرهەم هێنانی نەوتو غاز ، لەحیم کردن بە کارەباو بە غاز ، رادیۆو ئەلەفزیۆن ، ئۆتۆمبێلو تراکتۆر ، ماتماتیك ، فیزیا، کیمیای پیشەسازی‌دا •• بگونجێن هەروەها وەکوو ئاشکراشە ئامادە کردنی هۆڵەکانی دەرس ووتنەوە بەم چەشنە دەبێتە هۆی ئاسان کردنی شێوازی پێشکەش‌کردنی زانیاری‌ی تەکنەلۆجی بە مەشق پێ‌کراوەکان •

دەربارەی یاسای وەرگرتنی قوتابیان لە مەڵبەندەکەدا بەڕێوەبەری مەڵبەندەکە دەڵێت :

مەڵبەندەکە ئەو قوتابیانە وەردەگرێت کە پلەی خوێندنی ئامادەیی ـ لقی زانستی‌ـیان تەواو کردووە • هەروەها مەڵبەندەکە فراوان‌تر بۆتەوە ئەویش لەبەر ڕووناکی‌ی ڕوانینی نەتەوایەتیەوە ، دەستی‌بەوە کردووە کادیری تەکنیکی پێبگەیەنێت بۆ وولاتانی عەرەب لە بواری پیشەسازی‌ی نەوت‌دا بەتایبەتی بۆ وولاتانی کەناری عەرەبی ، لەسەر ئەم بناغەیەش مەڵبەندەکە دەیەها قوتابی‌ی وەرگرتووە کە قوتابی‌ی ـ قەتەر ، لیبیا ، سوریا ،

بروانە ل ١١

Institut Kurde de Paris

دەربارەی سینەماو بەروەردەکردن منال

زید عباس

کۆمەڵگای عیراقی هاوچەرخ لە هەوڵو تەقەلایدا بۆ زاڵبون بەسەر ئەو کۆسپانەی ریگای پێشکەوتنی شارستانیتی لێ ئرتوە ناچاربو کە راستەوخۆمەبەستی پەروەردەکردنێکی فراوان لە هەموو لایەنەکۆمەلایەتیو ئابوری و سیاسیکانی کۆمەل بکات بە ئامانجیکی کرنگی بۆ ئەوەش چەند پروگرامیکی داناوە بۆروشنبیریی کۆمەلایەتی بە مەبەستی بلندکردنەوەی پلەی وریایی خوێندەواری و کۆمەلایەتیو بن کەن کردنو قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری لە ناویاندا ٠٠ لەو مەبەستەشدا ئەو توانایانەی بەکارهێناوە کە ئەتوانێت بەهۆیانەوە پەیوەندی بە جەماوەرەوە پێبکات لەگەل هەمەچەشنەی هونەر ، ئەویش وەک ناوەندێک لە نیوانی ئەمو ئەوانەی ئەو رۆشنبیریەوەرئەگرن ، یاوەك روشن بیرو هونەری پێویستە بیگەیەنێتە جەماوەرو لێی شارەزابن ٠٠ بەتایبەتی (منالان)و هەرزەکاران ٠٠ بەرای ئێمە سینەما لە رۆشنبیرکردنی بواری کۆمەلایەتی منالان هەردو سیفەتی (رۆشنبیری و هونەری) پێوەدیارە ، لەوەدا دەورێکی بایەخدارو دیار لە راستکردنەوەی رەوشتی کۆمەلدا ئەگێرێت ٠

ئەتوانین کورتەی باسی سینەماو رۆشنبیرکردنی کۆمەلایەتی منالان بەهۆی ئەم لایەنانەوە دیاری بکەین ٠

١ ـ سینەما وەک هۆیەکی فێرکردن ٠

هونەری سینەما توانا و وزەیەکی گەورەی هەیە لە راگەیاندنو کارتێکردنا بەو جۆرەی لەگەل گونجکەو چاودا ئەدوێت ، وە هەمو مەسەلەکە بە شێوەیەکی فراوان روون ئەکاتەوەو پوختەی مەسەلەکە ئەخاتە بەرچاو ٠ وە ئەو هۆیەی سینەمائەکات بە ئامێرێکی کرنگ لە پێراگەیاندن ئزیک کردنەوەی زانستی دا ، ئەوە ئەگرێتەوە کە جێگای سینەما لە مەیدانی دەزگا لەوەردەیی و رۆشنبیرنکاندا دیاری کرێت وەک :

أ ـ پەروەردە فێرکردن توانی سینەما لە فیرکردنداو ئەو شتانەی بونەتە کۆسپێک لە ریگایدا ٠

ب ـ دەزگاکانی راگەیاندن بەکارهێنانی سینەما لە راگەیاندنداو فیلم بۆ منالان بەرهەم بهێنرێت ٠

٢ ـ سینەما وەک شتێکی رۆشنبیریی منالان ٠

کاری سینەما لەگەل ئەو همو لایەنە هونەری و ستاتیکیانەیدا ، نرخێکی گەورەی روشنبیریش هەیە ، ئەوەش ئەرکی ئەوە ئەخاتە سەرشانی دەزگاکانی پەروەردەو راگەیاندن و رۆشنبیری کە بیگەیەنێتە وەرگرەکانو بۆیان روون بکاتەوەو بە جۆرێك قالیان بکات کە لێی تێبگەن و هەستی خۆشی لێوەربگرن ٠٠ توانای سینەما لە بەردەم متالی هەرزەکاراندا توانایەکی گەورەو دەسەلاتێکی گەورەتر پەیدائەکات ، ئەویش بە حوکمی تەبیعەتی تەمەنی وەرگرو جۆری ئەو شتەی لە تواناو فیرکردندا بەکارئەهێنرێت لەگەل نورینە ئەو تمونانەی ولاتانی تر هەیانە کە لە مەیانی بایەخ بە رۆشنبیری منالاندا تەلیک لەپێش ئێمەوەن ، بەر لە ئێمە منالانمان بەهۆی فلیمو سینەماو ناراستەکردوە ، سال بە سال زمارەیەکی زۆر فلیمی منالانیان بۆ بەرهەمئەهێنن بە مەبەستی ئەوەی ئەو منداڵانە سال بە سال زیاتر بیرو هۆشیار بکرێنەوەو زیاتر هەست بە شتبکەن و زانیاری زیاتر فیربن ئەویش هەر لە سالانی یەکەم بۆلی قوتابخانەی سەرەتایی یەوە تا ئەگەنە پلەی خوێندنی زانکۆکان ٠٠ مەسەلەی رەوشت لە فلیمی منالاندا شتێکی زۆر کرنگ و ناسکە ، چونکە هەمیشە منالان حەز بە دنیایەك ئەکەن کە چاکەو خراپەی یە تەواوی تیادا ئاشکرابێت ، لەبەر ئەوە ئەبێ فلیمەکە هەستێکی مرۆڤایەتی ئەوتۆیان لە دلدا ببزوێنی کە بەردەوام لایەنی چاکە بگرن و فلیمەکە بەلای چاکەیاندا بەرێت و سیفاتە چاکەکانیان بو دەربخات ٠٠ بە مەرجێك ئەبێت ناتاداری ئەوەبێت کە نابێت هەلویستی فلیمەکەو ئەو هەستەی لە دلیاندا ئەیبزوێنی بەشێوەیەکی راستەوخۆ ، یا فشەی تیابکرێت ، یا شتێك بێت ئەچێتە عەقلەوە ، ئەگینا ئەوسا فلیمەکە هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نامێنێت ٠٠ منال هەمیشە حەزئەکات کە کەسانی فلیمەکە بیاوچاکبن و فلیمەکەش لەو بابەتە ساکارانەبێت کە دل فێنک ئەکاتەوەو زوبەزوش فلیمەکە ئامانجەکەی خۆی دەست نیشان بکات خواستەکانی بدات بە دەستەوە بۆ نمونە : خۆشەویستی خیزانو رێز لە خەلکی گرتنو خۆشەویستی نیشتمانو پیرۆزی کارو باوەرهێنان بە ژیان ، یا سوک کردنو ئاسان کردنی زانستیە مرۆڤایەتیکانو مەسەلەکانی کەلەپورو شارستانیەتیو مەسەلەی ئیسلامو نوارینە دوارۆژو ئەو مرۆڤە نوێیەی دوارۆژ چاوەروان ئەکرێت ٠

لە ولاتی ئێمەدا بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە فلیمە لە تەقەلای ـ تەنیاکەسی ـ تێیەری نەکردوە کە ئەویش نەیتوانیوە بەردەوام بێت ٠

لەراستیدا فلیمی منالان بابەتێکی فراوانەو لکی زۆر لێ ئەبێتەوە ٠٠ زۆر لێ کۆلینەوەی هونەری و نەفسی بەلایدا چونو لە کەلێک نەدوەو کۆنکرەو مەهرەجانی سینەمادا باس کراوە لە هەمو ئەو ولاتانەدا کە لە مەیدانی بایەخ بە رۆشنبیری منالو هۆی پەروەدە دا پێش ئێمە کەوتونو لەسەر بنچینەیەکی هاوچەرخانەی ئەوتۆ کە پشت بە ئەخشەو زانستەکی ریکوپێك ئەبەستن ، سەرەرای سەر زماکردنە مەیدانیکان ٠

گرنگی تەمەنی یەك سالی منالەکەت

فوزیە فرج جعفر
ئامادەی کردوە

منال لە تەمەنی یەك ساڵیدا پێویستی بەیارمەتی دانێکی تایبەتیو ئرنگ هەیە لەلایەن دایکانەوە بەگشتی ، ئەوە ئیروئرفتانەی لەم تەمەنەدادوچاری منال ئەبن پێویستی بە پاراستنێکی هەمیشەیی یە هەرچەندە هەندێ جار وە هەندێ دایك جۆرە ترسی ئەخەنە دلی ئەو منانەوە کە ئەبێتە هۆی خۆنەگرتنی مناڵەکەو ترساندنی ٠ دایك پێویستە ئاتاداری ئەو شوێنانەبێت کە ترسی تیا کۆئەبێتەوە وەمەترسی لێ ئەکرێت ، وە بەهیچ جۆرێك رێگانەدا منالەکەی لەوشوێنانەدا یاری بکاو نزیکیانی بکەوێتەوە ٠ جگە لەوە پێویستە ئاتاداری شوێنی دانیشتنی منال بکرێت لەم تەمەنەدا ٠ باشترین دانیشتن بۆ منال کورسیو جێگای نزمە کە ئەم جۆرە جێگایانە مەترسی کەوتنو هەلگە ڕانەوەی کەمترە لە جێگای بەرز ، کەواتە لێرەدا ترسی ئەوەش نامێنێ کە ئەو منالە بەدەوری ئەو کورسیو جێگایەدا هەلزێ یان بەسەرخۆیدا رابیکێشێ یان بکەوێت ٠

ئەگەر هاتوو عەرەبانەی دەستی بۆ ئەو منالە بەکارهێنرا پێویستە بەشێوەیەکی بونەد لەلایەکانیەوە ئەو منالە بەمستریتەوە تاوەکو نەکەوێت بەم لاو ئەو لادا ٠ بۆ ئەوەی منال بەشێوەیەکی تەواو بەسەر پێ بلیکەدا هەلگەڕی ئاتاداری بکرێنو هەتا ماوەی راهاتن ئەبێ لەگەلیدابێت ، پێویستە ئەو پێ بلیکانانە لیواری قایمی هەبێت هەتا وەکو منالەکە لێوەی تەکەوێتە خوارەوە ٠

پێویستە ئاتاداری منال بکرێت بەهیچ جۆرێ رێگای نەدرێ لەناو چێشتخانەدا یاری بکات و هاتوو چۆبکات ، لێرەدا منال توشی رەشی و پیسی و چەوری دێت یان ئەوەتا دەستی ئەچێ بە مەنجەلی کەرما ، یان پێ ئەنێتە ناو ئاوی گەرمی ژاوەوە لەناو چێشتخانەکەدا یان بەنجە رائەکێشێ بۆ ناو چێشتە کەرمەکانو ئەبێتە هۆی سوتاندنی پەنجەکانی ٠

لەم تەمەنەدا پێویستە منال لەهەموو جۆرە یاریەکی زەرەرمەندانە دور بخرێتەوە وە بەتەنها لەئەل یاریەکانیدا بەچێ نەهێلێرت و هەمیشە چاودێری بکرێت و بەتەنها لەسەر کورسی داخراو بەچێ نەهێلێرت ئەوەی لێرەدا جێگای سەرسورمانە منال لەم تەمەنداهەول ئەدا دورکەوێتەوە بەدەستو قنگەخشکێ ، لەبەر ئەوە ، پێویستە ئەو ژورەی منالەکەی تیا دانەنێت ژۆرشتی تیا دورخرێتەوە ، کە مەترسی لێ ئەکرێت وەك مقەنی ئاگرو صوباو دەرزی دان ، کاتێ کە خوانی نان خواردن دانەنرێت پێویستە منال دورخرێتەوە ، لە جێگایەکی تایبەتیدا نانی بۆ بخوات

ئەوزدەمەو سەر ئای سەدەی بیستەم بەولاوە ئەیتوانیوە سەتی تر بگرێتە خۆی ٠

بی وە ئەم ئەم ... ی و شەوئیەتە ... ئەوئیمەوەدا ... بە ماوەمتای دانەرەوە ئەوە کە چەند جۆرێکی تر لە کتێبەکەی بنوسێتەوە بۆ جێبەجێ کردن ... هێنانی ئەو پەیامەی مەبەستیەتی ٠

پاشماوەی ـ شێوازێکی الشعبی) وە شاعیری گەورە مامۆستە محمد مهدی جواهری کتێبەکەی دکتور (منیر بکریتی) بۆ یەکەم جار باسی ئەم بابەتە ئەکاتو لە بەرئەی یەکەمی کتێبەکەدا سەرەرای ئەورەییەکەی لە باس کردنی چەند رابەرێکی ئەدەبیو رۆژنامە گەریی کوتایی چەرخی

هەروەکوو قوتابخانەو زانکۆکانی کەی عیراق بەخۆزایی یە هەروەها مەلبەندەکە بەشی ناوخۆی ـ قسم داخلی ـی بۆ قوتابیەکان ئامادەکردووە و مەعاش و (مخصصات)ی بۆ دانو تێکۆشاوە بۆ چاك کردنی باری دەرس ووتنەوەو مەشق پێ کردن ، هەروەها مەلبەندەکە جل و بەرگو شتومەکی مەشق کردنو ئەخشە دەدائە قوتابیان جگە لە خزمەتگوزاری تر وەگو خزمەتگوزاری ئەندروستیو ئامێرو شتومەکی ئەندازەو شتی ترو کتیبی خوێندن ، هەروەها موحازەراتەکانیان بەچاپ گراوی بۆ ئامادە دەکات لەگەل ئەوەشدا کەلوپەلو پێلاوی وەرزشیشیان بۆ دەدرێت ، جگە لەوەی کە مەلبەندەکە هۆی هات و چوونیان لەنێوان مەلبەندەکەو جێگای مەشق پێ کردنی مەیدانی هەروەها لە کاتی سەردانیاندا بۆ کارگەکان ٠٠ بەلام لەکاتی نارد نیاندا بۆ شوێنی نیشی وەرزی ئەوا لەلایەن (مخصصات)ەوە ئەو مەرجانەیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت کە ئەنجوومەنی پەروەبردنی کومیانیای نەوتی نیشتمانیدا پەرەو دەکرێت ٠

لە راستیدا ئەنیا سەردانێك لە مەلبەندی مەشق کردنی کاروباری نەوت زۆر کەمەو بەس نی یە بۆ پاوینکەوتنو خستنە پیش چاوی وێنەیەکی ئاشکرا لەم بارەیەوە ٠٠ بەنکوو زەمە پێویستی بەوەیە ماوەیەکی درێژی لە ئەلدا ببەیتەسەر ... ئەم مەلبەندە کارکەیەکی ئامادە کردنی کادیرە تەکنیکی یەکانی بواری پیشەسازی نەوتو هەموو بوارەکانی دیکەی وولاتمانو وولاتە عەرەبەکانی ترە ٠٠ بەم چەشنە ئەم مەبەندە بووەتە تاوەژایەك بۆ هەموو عەرەب ئەك هەر عیراق بەتەنیا ٠

بەشی لیکۆلینەوە

شتن و ترسی شتن لە شۆردنی منال دا

منال بەشێوەیەکی شتنیو بەتایبەتی لەنێوان ساڵی یەکەمو دووەمی تەمەنیدا ، توشی جۆرە ترسێ دێت لەکاتی شتنیدا هەر وەك خستنیە ناو ئاوەوە سابون لێدانیو چونە کەفی سابونەوە بۆ ناوچاوی منالەکە ٠

هەندێ جار منال لە دەنگی رژاندنی ئاوەکەش ئەترسێ کە ئەرێتە ناو چەوزەکەوە ، جا بۆ ئەوەی ئەو منالە لە کەفی سابون رزگار بکەینو بیپارێزین ونەیەلین بچێتە ناو چاوەکانیەوە ٠ پێویستە پارچە قوماشێکی دوو توی بەکار بێت و سابونەکە بخرێتە نێوان تویەکانیەوە ، بە مەرجی ئەو پارچە قوماشە تەرئەکەیی پاشان لەشی منالەکە بە پارچە قوماشێکی تەرپوشك ئەکەینەوە ، بەو مەرجەی ناوی لێ ئەتکێ ٠ کە بەو شێوەیە ئەتوانین وە ـ نایەلین ئەو کەفە بچێتە ناو چاوی منالەکەوە هەندێ جار ئەتوانین شامپۆی منال بەکاربهێنن کە ئازاری چاوی منال نادات ٠ دایکی ئازیز : ئەگەر هاتوو منالەکەت لەکەفی سابونو شتن ترسا ، پێویستە دەست کورتی نەکەی لێرەدا لە شتنی ، بەلام ئسفنجێکی تەر کراو بەکەفی سابون بەکار بهێنە ٠

بۆ ماوەی چەند مانگێك ، ئاوەکو ئەو منالە رادەهێزێ و لە شتنی ئەواو ئاترسێتەوە تۆش مەترسیت ناهێنێ ، ئەگەر هاتوو منالەکەت رێگای نەدایتو دەستتو دەمو چاوی دوای نان خواردن پاکەیتەوە ، پێویستە رێگایەکی ئەوتوی لەگەلیدا بەکاربهێنی تا وەی بتوانی بە ئاسانترین رێگا دەمو چاوو دەستی پاك بکەیتەوە ، بۆ ئەم مەبەستەش سینیەك بێنەو قابی ناوی لەسەر دانێ با منالەکەت یاری بەسینیەکە بکات ٠ تۆش دەستت تەرکە لە سەرخۆ بەناوی ناو قابەکە دەمو چاوی پاك کەرەوە لە ئەل ئەو پەی دەستی پەنجەکانی ٠

* *

گەلاوێژ

زهیر غانم
ئامادەی کردوە

بەیارمەتی ئێوە

ئەمڕۆ جەژنە ...

ڕۆژێکی تازە دیارە لەژیانماندا .. پێشینان و ناوزەدیان کردوە : « جەژن » .

لەم ڕۆژەدا ، زەدەخەندی سەر لێوان چەند جوانە .. چەند ڕەنگینە هەر کەسێ لەگەل خاووخێزانی خۆی دانیشێ و دڵنەوازی لە منالەکانی بکات و بە دەنگی ئارەزویانەوە بێت .

ئەمڕۆ جەژنە ..

ڕۆژێکی تازەیە .. سەرهەلدانێکی نوێی ژیانمانە .

لەم ڕۆژەدا - لێ بوردن چەندشیرینە .. چەند جوانە هەر یەکێ لە ئێمە خەرابەکاری ئەرامۆش کات .. هەموو لایەکمان بە خۆشەویستی و دڵنەوایی و سۆزو میهر هەلسورێین چەند جوانە ، بە زەردەخەنە بەپیری یەکترەوە بچین .. خزم بین یا دۆست .. یا هەتا جیاوازیشمان لەگەلیان هەیە . ئەم بزەیە . وا لەوکەسە ئەکا ، کە دەرهەق بە تۆ هەلەی کردوە .. هەست بەبەرفراوانی دڵت ، دڵی سێبی وەکو بەفرت ئەکا .. هەست بە شەرمەزاری ئەکاو بەو پەڕی ڕاستگۆییەوە ئەڵێ : « ببوورە ، بەداخەوە » .

ئەمڕۆ جەژنە ...

ڕۆژێکی تازەیە .. ڕوبارێکی تازە ، تینوێتی گیانمان ئەشکێنی .. بزنەیەکە داوای بەخشین لە یەکتر ئەکەین .. لە یەکتری ئەبورین .. یەکتریمان خۆش ئەوێ .

ئەمڕۆ جەژنە ...

ڕۆژێکی تازەیە تازە کردنەوەیە لە ژیانمانە .

ئا بەم گیانەوە ئەتوانین لەتێو شایلۆغانی جەژنا .. کەورەترین جەژن بکەین .

زەردەخەنەو بەخشین ئەبێتەمایەی دل ئارامی ، هەستوناخ و سۆزمان و ...

پێکەوە هەموو جەژنێکمان پیروز بێت ..

عثمان محمد فایق
١٩٧٦-١١-٢٧

بەدرێژایی هەردێن و دەچن

زانـاو پسپۆڕانی گەلانوزانایانی زمانەوانی ، بەتایبەتی ئەوانەی خۆیان خەریک کردوە بە لێکۆڵینەوەو پشکنین بەدوای ئەزادی قەرەجەکاندا ، ئێستادەستیان لەو کارە هەڵگرتوە ، ئەویش لەبەر ئەبونی بەلگەو توماریکی نوسراوی ئەوتۆ کەشوێنی باوەڕ پێکردن بێت .. بەڵام کاتێ پسپۆڕەکان لەو پاشماوانەیان کۆلیەوە کە لەزمانی (ڕۆمانی) یەوە بەجێماوە ، ئەو زمانەی کە قەرەجەکان قسەی پێ ئەکەن ، توانیان بگەنەنەو ڕێگا دورو درێژەی ئەم ئەلە بڕیویەتی و نایەوێت لەهیچ شوێنێک سرەوت بکرێت . ئەویش ئەگەرێتەوە بۆ دەرچوونیان لە هیندستانوەدورو بەری لە سالانی هەزاری زایینداا .

قەرەجە کۆنەکان ئاوی (ڕۆمیان) لە خۆیان نابو واتە ئەو خەلکانەی کە سەر بە تیرەیەکن . لە ئیسپانیاش پیان ئەڵێن (کینانوس) وە لە ڕۆمانیاش پیان ئەلین (رودای) لە بولکاریاو چیوکۆسلۆفاکیاو تورکیا پیان ئەلێن (ئەرلیدس) ئەو قەرەجا نەی ئێستا لەو وڵاتانەجێ گیربون ، بەڵام ئەو قەرەجانەی بەردەوام لە کۆچ کردندان زوربەیان ئەکەرێنەوە بۆ جوانترین سەرەکی کە توانیویانە قەوارەی خۆی شیۆەی ژیانی بۆ بنچ سەدە بپارێزێ ، لەو ناوە تیرەی (لوارا)و (قلدراش) ئەوانەش بەناوی هاورێیانەوە ئاسراون ، زمانەکەشیان ئەگەرێتەوە بۆ زمانی ڕومانی کە بەشێکە لە زمانی هیندۆ ئەوروپی ، وە ئەوەندەش جوان و ناسکە دل شەیدای ئەبێت .

وە بە نیسبەت عورفو یاسایانەوە هەر ژنو پیاوێکی قەرەج سەرپێچی لە شیرازەی کۆمەلایەتیان بکات دەدرێت بە (کریسس) ئەم دەسەلاتەش بڕێتی یە لە ئەنجومەنی پیران ، ئەمانیش بریارەکانیان لە بیرو باوەری خۆیانەوە هەلئینجێنن ، ئافرەت دەورێکی گەورەو مەزنی لەناویانا هەیە ، هەمو پرسو رایەکی پێ ئەکرێتو پاراستنی ئەرێتی کۆمەلایەتی قەرەج خراوەتە ئەستۆی ئەوەوە .

ئەوەی شایانی باسە بۆیە زمانی ڕومانی کە بەشێکە لە زمانی هیندۆ ئەوروپی ، وە ئەوەندەش جوانو ناسکە دل شەیدای ئەبێت .

وە بە نیسبەت عورفو یاسایانەوە هەر ژنو پیاوێکی قەرەج سەرپێچی لە شیرازەی کۆمەلایەتیان بکات دەدرێت بە (کریسس) ئەم دەسەلاتەش بڕێتی یە لە ئەنجومەنی پیران ، ئەمانیش بریارەکانیان لە بیرو باوەری خۆیانەوە هەلئینجێنن ، ئافرەت دەورێکی گەورەو مەزنی لەناویانا هەیە ، هەمو پرسو رایەکی پێ ئەکرێتو پاراستنی ئەرێتی کۆمەلایەتی قەرەج خراوەتە ئەستۆی ئەوەوە .

ئەوەی شایانی باسە بۆیە قەرەج هەمیشە لەکۆچ کردندایە تاوەکو چاویان بە خزمەکانیان بکەوێتو ئافرەتی لە چەشنی خۆیانیان چنگ کەوێت . وە لە بنەڕەتدا ئەم کۆچ کردندەیان لە تاوچەوسانەوەو ئازاردان دەستی پێ کردوە ، پێش ٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆمانیا قەرەجەکان وەک هەمو کەرەسەیەک ئەکردرانو ئەفرۆشرانەوە ، لەم حالەتە تا سەدەی ١٩ی لەدایک بون ڕزگاریان نەبو ، لە ساڵی ١٥٦١ی ز یەرلەمانی (ئولیان) بریاری ئەوەی دەرکرد کە قەرەج قەلاچۆبکرێ ، هەتاوەکو هیتلەریش هەرویستی قەرەجەکان لەناوبەرێت .. لەبەر ئەوەی لای ئەو توخمێکی ناپەسەندبون . وە لەبەر ئەوەی لەهاتوچۆو ڕویشتنا کورچو کۆڵو چوستن ، یارمەتیەکی زۆری بزوتنەوە بەرگرێکانیان ئەدا بەوەی پسولەی تەموینی ساختەو وەرەقەی شەخسی دزراویان ئەدانێ .. لە زۆر وڵاتانی ئەوروپادا یاسای ئەوە دەرچوە کە قەرەجەکان نیشتەجێ بکەنو تێکەلاوی دانیشتوانی ئەو وڵاتانەیان بکەن ، خانوبەرەو ئیشوکاریان بدەنێ بەڵام باوەر بە زمانەکەیان ئەکراوەو بازرگانی ئەسپیشیان لێ قەدەغەکراوە ، لە ساڵی ١٩٧١دا لە ناوچەی (کنت) لە بەریتانیا یەکەم کۆبونەوەی دەولی قەرەجەکان کرا ، نوێنەرانی ١٥ وڵاتی ئەوروپایی لە کۆبونەوەکەدا بەشدار بون ، لە کۆبونەوەکەدا هاواریان بۆ ئەتەوەیەک گرتۆکان بردبو کە هەوڵ بدات ڕێگای پێشێل کردنی مافیان بگرێت . هەمو ساڵی بە هەزارانیان بۆ حەج کردن ڕوئەکەنە (سانت ماری دیلامیر) لە فەرەنسا .

لەم تەبەروک کردنەدا ئاوو کاتی ئەو ئاهەنگە ئاینیە کۆنانی ئاگر بەکار ئەهێنن و جۆرەجلێک هات هەریەکەیان ڕوئەکاتەوە لەبەر ئەکەن پێ ئەڵێن (ڕاستی) ، سوچێک لەم دنیا پان و بەرینە

دوا

دنیا

صباح عبدالرحمن

هەمو بەیانی یەک پەیمانی تازەبونەوەو بەردەوامی ژیانی لە دڵدایە .. کارکردن ، دڵی زیندوی ئەم بەر دەوامی یەیە .. لەتەنیشت یەکی لەبەنجەرەکانی نهۆمی سەروی پاسیکی مەسلەحەوە دانیشتبوم و بیرم لەم مەسەلەیە ئەکردەوە .. پەنجەرەکەم لەبەرچاو بویە پەردەیەکی پچوک .. ئەو وێنەی بەرەوکارچونە دڵفرێنە جوانانەی نیشانئەدا ، کە گشتی پرە لە سوربونی بەربەرەکانی لەتەل ڕۆژتاردا ... دڵم لەوە تەنک ئەبو کە پەردەکەم لێ تاک ئەچو .. دوایی هێزی ئەوەم زانی .. ئەویش ئەوەبوو ئەو ئۆتۆمبیلەی لەبێشمانەوە بو بەبێ ئاگاداری کردنو لەبر بێچی کردبێوە .. لە دڵی خۆمدا وتم .. لەوانەیە ئەم ئۆتومبیلەش پێشکەوتن لەگەل وەختدا بکات .. بەڵام زووبەزوو لەم بۆچونە هەڵەیەم پەشیمان بومەوە .. زیادکردنو ڕۆچون بەناو وەختدا پێویستە لەسەر لێکۆلینەوەو لە ڕوانگەیەکی زانستیبانەوە بێت .. ئەئینا بەرهەمێکی باش و شۆرشگیرانەمان لێی دەست ناکەوێت .. شتێک رویدا کە ئەم بیروباوەڕەی لا بەهێزکردم .. پاسێکی مەسلەحە لەتەنیشتمانەوە ڕاوەستا کە ...

ئەویش هەمان نمرەی هەبو وە لەسەر هەمان ڕێگا ئیشی ئەکرد وتم .. لەوانەیە پاسئەوەندە زۆر بویی دوودوێکەوە بەڕێیان کەن یاخود شەقامەکانمان ئەوەندە پان و بەرین بون ماوەی ڕاوەستانی چەوار پاسی تیا ئەبێتەوە .. بەڵام نە ئەوبو نە ئەم .. مەسەلەکە ئەوەبو کە شۆفیری ئوتومبیلەکان پێکەوە کەوتبونە قسەکردن .. قسەیەکی تایبەتی خۆیان هەبو کە لەکۆنەوە لە دنیاندا مابوە ئەمڕۆ لەم جێگاو کاتێکی ناوەختدا بۆی ڕاوەستاون .. جا شایی دەستی پێ کرد .. هەمو ئەو ئۆتومبیلانەی ئەم ڕاوەستانە نابەجێیە ڕای گرتبون دەستیان بە هۆرلیدان کرد .. هەندێکیان ئەوەندە بەئاواز لێیانئەدا لەگەل موناسەبەتەکەدا ڕێکئەکەوت .. ئەنجا شانۆ گەریی لە پەنجەرەی ئۆتۆمبیلەکانی ترەوە دەستی پێ کرد .. شانۆ گەرێکان بەجۆرێک بون دڵی پیاویان لێ تێکەل ئەهات .. پالەوانی ئەو شانۆ گەریانە .. هەندێ لاویون کە لەتەمەنی ئەرگ و بەربرسیاریدابون قاقای پێکەنینێکی درۆزنانەیان بەرزئەبۆوەو .. وەک مەیمون کەوتبونە جولەجولی هەرزان بەها .. دیمەنێکە دڵ دەهێنێتە ژان بۆ ئەم وزەو توانایانە لە کردارەکانی ئەمەوە دورن .. ئەمەم گوت دوای ئەوەی ئومانم لەوەدا نەما کە بڵێم وایان ئەکرد کە سەرنجی ئەو نافرەتانە ڕابکێشن کە لە ئۆتومبیلەکەی ئێمەدا سوار بوبون ..

خۆزەگە پەیرەوی ئەریتو ڕەوشتی ڕەسەنی ئێمەیان ئەکرد .. ئەوسا لە مەیانی کاری سودبەخشو بانگەوازی دلێکی پاک نزیک ئەکەوتەوە .. سەرنجی ئەوەمدا کە خەلکەکە بە وردبەرداوی و تورەیەوە ئەیان ئاریە سەعاتەکانیان .. کاتژمێر ڕاوەستان نازانێت .. هەمو بەیەلە ئەڕویشتن تاوەکو دەست بەکاری ڕۆژێکی نویان بکەن .. لیرەدا هاواریان کرد «یادەلیلی داماوان» و ئۆتۆمبیلەکەی تەنیشتمان دەستی کرد بە تەکان دان .. لەپێشەوە وامزانی کە ئۆتۆمبیلەکەی ئێمەبو دەستی بە ڕویشتن کرد .. بەڵام من بەهەڵەدا چوبوم . ئەوە وەستانەو کارێکی بەرەودواوە چونو گوێ پێ نەدانە .. کەسێک باوەری بە ژیانێکی خۆش گوزەرانی بێت هەرگیز بەوە قایل نابێت .. کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەسەر ڕێبازی زانستی ئەرواتو بەوە توانیوتی بگاتە شارستانێتی یەکی بلندو خۆی لەگێژاوی سەرلێشیوانو وونبون قوتار بکات .. ئەمەی نوسیم چەند وشەیەک بو لە چوارچێوەی نوکتەیەکدا پێشکەشم کردن .

داد لە دەست سەرروتانەوە



زاناکان ئەوەیان سەلماندوەکە نیسبەتی سەرروتا ئەوە لەناو ژنانو پیاواندا سانی ٥٠٪ زیاد ئەکات وە لەساڵی ٢٠٠٠دا

هەمو وەکو (یول براینر)ی ئەکتەری ئەمەریکاییان لێدێ کە بەسەرروتاوەیی لەچیهاندا ناوی دەرکردوە .

لەبارەی سەرروتانەوە گەلێک بۆسمیارو هۆ هەیە کە ، بەپوەندی بەزیرەکی و هێزو کیروکرفتی دەرونو ، توانای سەرلەنوێ مووچاندنەوە لەسەردا ، ئەمانەو چەندان پرسیاری تر کە هەندێک لەزانا شارەزا تایبەتیەکانی ئەم باسە بەم جۆرەلێکی ئەدەنەوە :

لەبەر چەند هۆیەک موی سەر ئەوەرێ ، لەوانە هەندێک وەکو میرات لەخێزانو خۆیان بەرەو زورەوە بۆیان ئەمێنێتەوە کەئەخۆشی پیست لەناو پێستی سەرا پەیدا ئەبێ وەکو ئەخۆشیەکانی چەوری لەپێست دو کرێشی سەرو ئاوزی لووەبەستراوەکان و لاوازی بنکەسپی یەکانی موو حالاتی زێتپرپی و منابون ، چونکە ساڵەوەو ئاومیدی تیمارکردن بەهەرمۆن . هەروەها چەند حالەتێکی تورەیی و بێهێزی و کەمی قیتامینات .

هەروەها بەهۆی هەندێک ئەخۆشی وەکو گرانەتاو لەرزوتاوە موی سەر ئەوەرێ ، یان بەهۆی پرسیەتی زۆرەوە ، هەروەها ئوتی لێدانو بەقایم بەستنو لەسەرکردنی باڕۆکە بۆ ماوەیەکی زۆر کە ڕێگای سوڕانەوەی خوێن ئەگری .

دیسانەوە گەلێک هۆی تر هەیە وەکو تێکچونی هەندێک خواردەمەنی ، ودوچاربونی زرووفیکی نالەبار لەڕووی تەندروستیو دەرونیان چەند هۆیەکی ناوچەیی وەکو جیاوازی ئاوان جۆری خولقاندنی موی ئەمو ئەو ... هتد .

لەبارەی پەیوەندی سەرروتا ئەوە بە زیرەکی یەوە زانایان (وتوویانە) ئەمە ڕوشی پێستی سەرئەبێ کە لەگەل ئەوەدا ئەوەتیشکەی کە لە کاسەی سەردایە . ئەوە ڕادەی زیرەکی دیاری ئەکات . لێرەدا سەر روتاوی گەوج هەیە هەروەکو سەرروتاوی زیرەک هەیە .. وە هیچ پەیوەندیەکیان پەیدا نیە ، وەکو هێشتا ئەوەڕوون نەبۆتەوە کە تاج ڕادەیەکی پەیوەندی لەنێوان سەر روتانەوەو پیاوەتی یان توانای پیاوەتی یەوە هەیە .

هەندێک لەزانایانی سایکۆلۆجی سەرروتانەوەی پیاوانو ژنان بە ترسنۆک دانەنین کەبەشداری وێژدانو مامەنەکردن ئەکات لەگەل یەکتردا .. وە ئەیانەوێ کارێکی وابکەن کەئەو شتەی خۆیان بەکەمو کورتی ئەزانن دای بپۆشن .. وەپیاوی سەرروتاوە دەنگی زۆر بەرز ئەگاتەوە بۆ ئەوەی بونی خۆی بسەلمێنێ .

بەپێی تاقی کردنەوە دەرکەوتوە کە ئەخۆشیەکانی ئەم جەرخەوە لەمانە بیرکردنەوەی زۆرو ماندوبونی هێشتک بەکتکن لەهۆیەکانی روتانەوەی سەر .. وەسەرزەنیک ئەوەی سەلماندوە کە روتانەوە لەبەی شەشەمی ئەو(دە) ئەخۆشیەدایە کە دوجاری پێست ئەبێ .

دورکەوتنەوە لە روتانەوە . شارەزایی پاراستنی مو لەروتانەوە ئەلێن :

- دانانی یاسایەکی ئەندروستیانەی ئەواو لەژیانا .
- وەرزش کردن .
- شۆرینی موەکان لەکاتی دیاریکراوا .
- دانەپۆشینی سەر .
- زۆر بەکارنەهێنانی بابەتی ئارایشتو بۆیاخ کردن .
- دورکەوتنەوە لە ئالۆزی دەرونی و ماندوبون .
- خەوتنی زۆژانە ئەوەندەی کە پێویستە .
- ئوتی نەکردنی موی سەر چونکە پێستی سەر ئەسوتێ و موەکانی ئەکەوێ .

دوا هەوانێک لەم بارەیەوە وا ئەگەیەنێ کە بەشێلانی پێستی سەر بە ناوی ڕووەکی - الصبار - سەرڕوتانەوە چارەسەر ئەکرێ .. وە بەمەهیوای ئەوە ئەکرێ .

ڕوخساری ڕوتاوەیی لەجیهانی ساڵی ٢٠٠٠دا نەبینرێت .

نامەیەک لە زەویەوە بۆ کەوانەی وان لە سەرەوە

بیرتکە بەبیری هیچ .. ناوەڕۆکی بیرەکە سەرا بە نەسەتێرەکان پیشان توانا زانستیەکان ، هەولی ئەستیرەکانی نێو کومەلەی مرۆڤ گەیشتبێتە سەرەمانگ - ئەمجارەیان - ئەیانەوێ بگەنە هێشتا چاوەچاوی هەردو .. لەم بوارەدا ، زانایەکی لە زانستی سروشتا پسپۆرەو هەولی گەیشتنی بە (خەلکە ئەم لەو باوەڕدا بوە کە ژیان زانایەکی زەویدا ئوزەری ئەکردرە سیمەتی زانایان بەرامبەر ئەدات .. جا گەر تا ئێستا ، پەیژەندی بەستنیان لەگەل ئێمەیان دابێو بۆیەکەم جارێش .. ئەوا زانایان بەئەلهاوە مەریخ .. کارگەکانی زەوی گەشتی جمکانەی (فایکنگ)ن میسری - لە ئەمەریکادا ئەڕی - دکتۆرای لەم زانستەدا هەیە . کانی ئاسمان) داوە .. چونکە لە ئەستیرەکانا هەیەو خەلکی ئەوێ خاوەن شارستانیەتێکی لە ئێمە بەرزترن .. جا تا پا پۆرەکانی ئاسمان ئەگەنەئەوێ ، ئەم لە لیکۆلینەوەکانیدا (نامەیەکی دەسخەت) لەرێی یەکی لە زانستەکانی سروشت - وێنە کیشان بەسێلاو لەرێ بەکار هێنانی شەپۆلی سەروی دەنگ - بێنری بۆ ئاسمان .. ئەوەبو لە ڕوانگەی (ئاراتشیۆ) لە پۆرتریکۆدا (شفرەیەک) لە زەویەوە بەرەو (مجرە) کەمان کەوتەرێ .. کە پراوپڕی ئەینی یەکانی گەردونەو بڕێتی یە لەو زمارانەی کە خەنکی زەوی لە (١ - ١٠) بەکاری ئەهێنن .. هەروا شفرەکەپڕێتی لەژمارەی ئۆتۆمیانەی هایدرۆژینو کاربۆنونایترۆژینو ئۆکسژینو فۆسفور .. سەرەڕای تەرکیبی کیمیایی سەربە شەکرەکانو بنکەکانی نیوکلیوتیداتی دەستەی « د.ن.ئەی » کەبەدو بازنەی حەلەزۆنی کرێ دراوە . لەبەشی پێنجەمیا .. ڕەسمی مرۆڤی ، ئە چەپدا سەرئەژماری سەرزەوی ، لەڕاستەدا ، ناوە ڕاستی ئەمەنی مرۆڤو ئینجا ڕژێمی خۆرو ڕەسمی ئەو تیاسکۆبەی کە ئەم شفرەیەی ناردووەو ئادەمیزاد لەبەردەمیا حەپەساوە .. هەروا ئەوە پیشان دراوە کە ئەم شفرەیە بەرلەبەیابونی (لەنکەری - طبق) هەول دراوە بێتردرێ بۆ ئەستێرەکان ، هەروا سەراسیمەتی زانایان بەرامبەر بەو شتە سەیرانەی کە لە ئاسمانەوە ئەگەنە سەرزەوەی . ئایا ژیان لە ئاسمانا هەیە .. ئایا مرۆڤی وای ئیایە کە خاوەنی شارستانیەتو دۆزینەوەی سەیرو دەگمەنو مەزنی وابێت .. ئایا ئەم (لەنکەریانە) ئەنجامی لیکۆلینەوەکانی خەلکی ئەستێرە کانن و بۆ دراوسێکانی خۆیانی ئەنێرن .. یاٮیا ئەم لەنکەریانە (نامە)ی ئەوەلان و بۆ ئەستێرەکانی دەورەی خۆری ئەنێرن .. وەکو ئەستێرەی زەوی ..؟

نیگارکێشان و .. ڕاستی

ئەم خەنکە بۆ لە (ڕاستی) لانەدەن . بە تایبەتی گەر سەر بە خۆیانو بە خودو ناخو خریەو چریەکانی مێشکیانەوە بن .. بەرامبەر بە خودی خۆیانو بە خەنکیش ..!

مرۆڤی بێ دەسەلات لە (ڕاستی) ئەترسێ ، پیاوی هێمنو لەسەر خۆیش هەراسان ئەکات .. دلە ڕزدو نیگەرانەکان ئەو ڕوژتنێ .. ئەمەیان باری سەرنجی نیگارکێشی ئینگلیزی - جۆن براتبی - یە .. ئەم هونەرمەندە ئەڵێ : هاوڕێم زۆر دەگمەنن ، چونکە شێوازی ڕەسم کێشانم بە دڵیان نیە .. هەروا لەبەر دڵی ئەو کەسەیش نیە ، کە لە بەردەم تابلۆو پەڕەموچم دانەنیشن .

چونکە (ڕاستی)یان لەبەر دل نیە .. کابرایەکی پیر ئەیەوێ وەکو لاوێ ڕەسمی بکێشم .. منال ئەیەوێ وەکو پیاو بیخەمە بەرچاو .. کچێکی ناشرین ئەیەوێ بیکەم بە ئافەریدێکی زۆر شەنگ و شۆخ کچێکی جوانیش جوانتری بکەم .. بەڵام من شت چۆن ئەبینمو چۆن هەستی پێ ئەکێشم .. ناخ ئەخەمە سەر ڕوو (ڕاستی) بە ڕەنگ ئەڕەنگێنم .. بێ تیف نیفەو بە شێوازی تایبەتی خۆم .. هیچ باکیشم بەبیروڕای خەلک نیە . چونکە من بتر لەخەلکی متمانەم بە کاری خۆم هەیە .. بەسەر ڕاستیو بە بەڕەموجی خۆم هەیە .

Institut Kurde de Paris